# شێوازەکانی دیالۆگی قورئانی پیرۆز لە پێگە بانگەوازییە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا

## (شیکارییەکی چەندایەتی بۆ سێ بەرنامەی بانگەوازی کوردی)

پ.ی.عادل حمەعارف مؤمن[1]، پ. د. عمر احمد رمضان[2]

١م‌م بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ، خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی سلێمانی، adil.muemen@univsul.edu.iq
٢م‌م ڕاگری کۆلیجی ڕاگەیاندن زانکۆی کیتاب، omer.ramadhan@uoalkitab.edu.iq

**نووسەری پەیوەندیکار:** عادل حمەعارف مؤمن *

---

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی «شێوازەکانی دیالۆگی قورئانی پیرۆز لە پێگە بانگەوازییە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا»، گرنگترین کێشەکەی لەم پرسیارەدا چڕ دەبێتەوە: شێوازەکانی دیالۆگی قورئانی پیرۆز کامانەن و بە چ ڕادە و چۆنیەتییەک لە پێگە بانگەوازییە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە؟ گرنگترین ئامانجەکەشی دەرخستنی ئەو شێوازانەیە کە بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی لە دەقی قورئانی پیرۆزەوە وەریگرتوون، لەگەڵ دیاریکردنی ئاست و چۆنیەتیی بەکارهێنانیان. توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە و میتۆدی شیکاریی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (١٩٤) ئەڵقەی سێ بەرنامەی بانگەوازیی ئەلیکترۆنیی کوردییە: «دیالۆگ»، «پۆدکاستی نما» و «ئەزموونەکانی نزیکبوونەوە لە مردن»؛ سامپڵەکەشی (٥٢) ئەڵقەیە کە بە نموونەگرتنی ئەگەری هەڵبژێردراون. ئامرازی توێژینەوەکە فۆرمێکی شیکاریی ناوەڕۆکە، تایبەت بەم توێژینەوەیە، لەسەر بنەمای پۆلێنێکی حەوت دەستەیی شێوازەکانی دیالۆگی قورئانی پیرۆز کە چل شێوازی دیالۆگی لێ دروست دەبێت؛ ڕاستیی ئامرازەکە بە هەڵسەنگاندنی حەوت پسپۆڕ مسۆگەر کراوە و جێگیرییەکەی بە هاوکێشەی هۆڵستی (C.R = 0.86) پشتڕاست کراوەتەوە. گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوەکەش ئەوەیە کە شێوازەکانی دیالۆگی قورئانی پیرۆز بە ئامادەییەکی چڕ لە گوتاری هەر سێ بەرنامەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە، بەڵام هەر بەرنامەیەک بە ئاست و شێوازێکی جیاواز کە ناسنامەیەکی فکریی سەربەخۆی بۆ دەخوڵقێنێت. لە ڕووناکایی ئەنجامەکاندا، گرنگترین ڕاسپاردەی توێژینەوەکە زیادکردنی بابەتی میدیای ئاینی و بانگەوازی ئەلیکترۆنییە لە پرۆگرامی بەشەکانی ڕاگەیاندندا، و پێشنیازیشی بەکارهێنانەوەی هەمان ئامرازە لە توێژینەوەی داهاتوودا لەسەر بەرنامە و سەکۆکانی تر.

**وشە کلیلییەکان:** دیالۆگی میدیایی، دیالۆگی قورئانی، شێوازناسی دیالۆگ، بانگەوازی ئەلیکترۆنی، شیکاریی ناوەڕۆک، پێگە بانگەوازییە کوردییەکان.

---

## بەشی یەکەم: میتۆدی توێژینەوە

### ١.١ پێشەکی

قورئانی پیرۆز، وەک دەق و ڕێکخەری ژیانی کۆمەڵایەتی، دەربارەی گەلێ ڕەهەندی ژیان دواوە و داوەری کردووە و لە پێناو گەیاندنی پەیامەکەیدا کۆمەڵێک شێوازی دەربڕینی بەکارهێناوە کە دیالۆگ یەکێکە لە بەرچاوترینیان. لە لایەکی ترەوە، پێگە ئەلیکترۆنییەکان، بەتایبەت پێگە بانگەوازییەکان، لە دوو دەیەی ڕابردوودا بوونەتە یەکێک لە سەرەکیترین کەناڵەکانی گەیاندنی گوتاری ئاینی بۆ وەرگری کورد؛ بەرنامەی گفتوگۆیی، پۆدکاست و وتاری بانگەوازیی ئەلیکترۆنی بوونەتە بەشێکی جێگیری ژیانی ڕۆژانەی بەکارهێنەران. ئەم دوو دیاردەیە، واتە دەوڵەمەندیی شێوازناسیی دیالۆگی قورئانی لە لایەک و فراوانبوونی بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی لە لایەکی ترەوە، پرسیارێکی زانستی دەخوڵقێنن کە تا ئێستا لە توێژینەوەی ئاکادیمیی کوردیدا بە شێوەیەکی سیستەماتیک وەڵام نەدراوەتەوە: ئایا ئەو شێوازانەی قورئانی پیرۆز بۆ دیالۆگ بەکاریهێناون، کامانەن و چۆن و بە چ ئاستێک لە بەرنامە بانگەوازییە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە؟ ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، بە شیکارییەکی بەراوردکاری کە سێ بەرنامەی جیاوازی بانگەوازیی ئەلیکترۆنیی کوردی بە یەک ئامرازی پێوانەیی یەکگرتوو دەخوێنێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەشدا ڕێکخراوە: بەشی یەکەم میتۆدی توێژینەوە (کێشە، ئامانج، میتۆد، کۆمەڵگە و سامپڵ، ئامراز، ڕاستی و جێگیری) دەخاتەڕوو؛ بەشی دووەم چوارچێوەی تیۆریی دیالۆگ و شێوازەکانی دیالۆگی قورئانی پیرۆز دەگرێتەوە؛ بەشی سێیەم ئەنجامەکانی شیکاریی پراکتیکی و بەراوردکاریی نێوان سێ بەرنامەکە پێشکەش دەکات؛ و بەشی چوارەمیش دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان و سنوورەکانی گشتاندن کۆدەکاتەوە.

## ١.٢ کێشەی توێژینەوە

پەرەسەندن و پێشخستنی هەر کردارێکی زانستی و مەعریفی پێویستە بخرێتە ژێر پرۆسەی هەڵسەنگاندن، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی. لەبەر ڕۆشنایی ئەم بنەمایەدا، کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە بەم پرسیارە بنەڕەتییە دیاری دەکرێت: ئایا پەیوەندیی (شێوازەکانی دیالۆگی قورئانی پیرۆز) بە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان)ەوە چییە؟ لەم پرسیارە سەرەکییەوە سێ پرسیاری لاوەکی هەڵدەهێنجرێن :

١ .شێوازەکانی دیالۆگی قورئانی پیرۆز کامانەن کە لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە؟

٢ .هەر یەک لە حەوت دەستەکەی شێوازی دیالۆگی قورئانی بە چ ڕێژە و پلەبەندییەک لە هەر بەرنامەیەکدا دووبارە بووەتەوە، و بەرنامەکان لەم دابەشبوونەدا چ جیاوازییەکیان لە نێواندا هەیە؟

٣. ئەم شێوازانە بە چ چۆنیەتییەک و لە چ بەستێنێکی گوتاریدا بەکارهێنراون، و بەکارهێنانەکەیان چۆن لەگەڵ ئاراستەی گوتاریی هەر بەرنامەیەکدا دەگونجێت؟

## ١.٣ ئامانجەکانی توێژینەوە

توێژینەوەکە لەژێر ڕۆشنایی کێشەکەیدا لە هەوڵی هێنانەدیی سێ ئامانجی سەرەکیدایە :

یەکەم، تیشک خستنە سەر شێوازەکانی دیالۆگی قورئانی پیرۆز لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا .

دووەم، دیاریکردنی ئاست و ڕادەی ڕەنگدانەوەی ئەو شێوازانە لە پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا.

سێیەم، دیاریکردنی چۆنێتی بەکارهێنانی ئەو شێوازانە و شرۆڤەکردنیان لە چوارچێوەی ئاراستەی گوتاریی هەر بەرنامەیەکدا .

## ١.٤ گرنگیی توێژینەوە

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە سێ ڕەهەنددا خۆی دەبینێتەوە: لە ڕەهەندی زانستییەوە، لەوانەیە یەکەمین هەوڵ بێت لە کتێبخانەی ئاکادیمیی کوردیدا کە شێوازەکانی دیالۆگی قورئانی لە سێ بەرنامەی بانگەوازیی ئەلیکترۆنیدا بە یەک ئامرازی یەکگرتوو بەراورد دەکات؛ وەک لە پێداچوونەوەی توێژینەوەکانی پێشوودا (بەشی ١.١١) دەردەکەوێت، ئەوان بە سروشتی خۆیان لێکۆڵینەوەیان لە یەک بەرنامە یان یەک سورەت کردووە و کەلێنێکی توێژینەوەیی(Research Gap) یان بۆ ئەم بەراوردکارییە جێهێشتبوو. لە ڕەهەندی مەنهەجییەوە، ئامرازێکی پێوانەیی نوێ پێشکەش دەکات (فۆرمی شیکاریی ناوەڕۆک بە حەوت دەستە و چل شێواز، بڕوانە بەشی ١.٨) کە دەکرێت لە توێژینەوەی داهاتووی ڕاگەیاندنی ئاینی و بانگەوازیدا دووبارە بەکاربهێنرێتەوە، هەروەها بۆ بەرنامەسازان و دەزگا میدیاییە کوردییەکان و زانکۆکانیش ببێتە پێوەرێکی هەڵسەنگاندن و بناغەیەک بۆ کردنەوەی هێڵی توێژینەوەی «میدیای ئاینی و بانگەوازی دیجیتاڵی» لە پرۆگرامە خوێندنییەکاندا .لە کۆتاییدا، لەبەر ئەوەی وەک توێژینەوەیەکی فرەزانستی (Interdisciplinary) لە نێوان زانستی ڕاگەیاندن و زانستە قورئانییەکان و شیکاریی گوتاردا جێگیر دەبێت، دەکرێت ببێتە نموونەیەکی مەنهەجی بۆ توێژینەوەی هاوشێوە لە دەقە ئاینییەکانی تر و بوارە میدیاییەکانی تردا.

## ١.٥ میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفییە شیکارییەکانە، کە ئامانجی وەسفکردنی سیستەماتیکی دیاردەکەیە وەک ئەوەی لە واقیعدا هەیە و شیکردنەوەی پێکهاتە و پەیوەندییەکانیەتی .بۆ ئەم مەبەستە میتۆدی شیکاریی ناوەڕۆک (Content Analysis) بەکارهێنراوە، کە لە ئەدەبیاتی زانستیدا بە تەکنیکێکی توێژینەوە پێناسە کراوە بۆ وەسفی بابەتییانە و سیستەماتیک و ژمارەیی ناوەڕۆکی دەرکەوتووی پەیوەندیکردن (Berelson, 1952, p. 18; Krippendorff, 2018). لەم چوارچێوەیەدا، شیکارییەکە سەرەتا گرنگی بە ژماردنی چەندبارەیی و ڕێژە و پلەبەندیی شێوازەکان دەدات لە هەر بەرنامەیەکدا، پاشان چۆنیەتیی بەکارهێنانیان لە بەستێنی گوتاری هەر بەرنامەیەکدا دەخوێنێتەوە؛ ئەم دوو هەنگاوە دوو قۆناغی یەک میتۆدن لە چوارچێوەی توێژینەوەی وەسفیدا، نەک دوو ڕێبازی جیاواز.

## ١.٦ جۆرەکانی ئاماری بەکارهاتوو

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە ئەم ڕێکارە ئامارییە وەسفییانە بەکارهێنراون:

١ .چەندبارەیی (Frequency): بۆ ژماردنی دووبارەبوونەوەی هەر شێواز و دەستەیەک لە هەر بەرنامەیەکدا.

٢ .ڕێژەی سەدی و پلەبەندی: بۆ وەسفکردنی دابەشبوونی داتاکان لە هەر بەرنامەیەکدا و بەراوردکردنی نێوان بەرنامەکان.

٣ .هاوکێشەی هۆڵستی (Holsti's C.R): بۆ دڵنیابوون لە جێگیریی ئامرازەکە و متمانەپێکراوییی کۆدکردنەکە (Holsti, 1969, p. 140)، وەک لە بەشی (١.٩)دا خراوەتەڕوو.

## ١.٧ کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12580]
- **Submission Date:** [13/7/2026], **Revised Date:** [13/7/2026], **Accepted Date:** [3/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە تەواوی ئەڵقە بڵاوکراوەکانی سێ بەرنامەی بانگەوازیی ئەلیکترۆنیی کوردی لە ماوەی کاتیی توێژینەوەکەدا (بڕوانە بەشی ١.١٠): (١٢٣) ئەڵقە بۆ بەرنامەی «دیالۆگ»، (٥٠) ئەڵقە بۆ بەرنامەی «ئەزموونەکانی نزیکبوونەوە لە مردن»، و (٢١) ئەڵقە بۆ «پۆدکاستی نما»، بە کۆی گشتی (١٩٤) ئەڵقە. ئەم سێ بەرنامەیە پێشتر، لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی ئامادەکارییەوە بەسەر (١٠٠) کەسی شارەزای بواری میدیای کوردی و پێگە بانگەوازییەکاندا، وەک بەرچاوترین بەرنامەی بانگەوازیی ئەلیکترۆنیی کوردی دەستنیشان کرابوون و لەسەر ئەو بنەمایە بوونە بواری جێبەجێکردنی توێژینەوەکە: «دیالۆگ» بەرنامەیەکی فیکری و ئەکادیمییە و گرنگی بە پرسە هاوچەرخەکانی فیکری ئیسلامی دەدات؛ «پۆدکاستی نما» پۆدکاستێکی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخە و بەتایبەت ئاراستەی گەنجان دەکرێت؛ و «ئەزموونەکانی نزیکبوونەوە لە مردن» بەرنامەیەکی گێڕانەوەیی و ڕۆحییە و پشت بە ئەزموونی کەسیی میوانەکان دەبەستێت.

بۆ هەڵبژاردنی یەکە شیکارییەکان (ئەڵقەکان) لەناو کۆمەڵگەی کرداریدا، توێژینەوەکە پشتی بە نموونەگرتنی ئەگەری (Probability Sampling)بەستووە، کە بنەماکەی یەکسانیی هەلی هەڵبژاردنە بۆ هەموو یەکەکانی کۆمەڵگە و بەمەش لایەنگیریی توێژەر لە کەمترین ئاستدا ڕادەگرێت. بەڵام بەهۆی جیاوازیی بەرچاوی قەبارەی کۆمەڵگەی کرداریی هەر سێ بەرنامەکەدا (١٢٣ بەرامبەر ٥٠ بەرامبەر ٢١ ئەڵقە)، گونجاوترین تەکنیکی نموونەگرتنی ئەگەری بۆ هەر بەرنامەیەک بەپێی قەبارەکەی هەڵبژێردرا: بۆ «دیالۆگ» (١٨ لە ١٢٣ ئەڵقە) و «ئەزموونەکانی نزیکبوونەوە لە مردن» (١٧ لە ٥٠ ئەڵقە)، بەهۆی گەورەیی کۆمەڵگەکانیانەوە، نموونەگرتنی سیستەماتیکی هەڕەمەکی (Systematic Random Sampling) بەکارهێنرا، بە مەودای نموونەگرتن (٧) و (٣) بەپێی ڕیز و خاڵێکی دەستپێکی هەڕەمەکی .(Riffe, Lacy & Fico, 2014) بۆ «پۆدکاستی نما» (١٧ لە ٢١ ئەڵقە)، بەهۆی بچووکیی کۆمەڵگەکەیەوە بەکارهێنانی مەودای نموونەگرتن واتای زانستیی نەبوو (چونکە مەودا دەبووە نزیکەی ١ و دەیگەڕاندەوە بۆ وەرگرتنی تەواوی کۆمەڵگەکە)؛ لەبەر ئەوە (١٧) ئەڵقە بە نموونەگرتنی هەڕەمەکیی ساکار (Simple Random Sampling)هەڵبژێردران، لە ڕێگەی میکانیزمی دەرهێنانی هەڕەمەکییەوە :(Random Exclusion) چوار ئەڵقە بە شێوەی هەڕەمەکی دوورخرانەوە و (١٧) ئەڵقەکەی تر وەک سامپڵ وەرگیران. هەردوو تەکنیکەکە لەژێر یەک چەتری بنەڕەتیدان، واتە نموونەگرتنی ئەگەری، و جیاوازیی تەکنیکەکان تەنها وەڵامدانەوەیەکی زانستییە بۆ جیاوازیی قەبارەی کۆمەڵگەکان، نەک تێکەڵکردنی ڕێبازی جیاواز. ژمارەی نزیک لە یەکسانی ئەڵقەکان لە هەر بەرنامەیەکدا (١٨ و ١٧ و ١٧) هەڵبژاردنێکی ئاگادارانەی توێژەرە لەسەر بنەمای نموونەگرتنی چینبەندیکراو بە دابەشکردنی یەکسان (Stratified Sampling with Equal Allocation)، بەو پێیەی هەر بەرنامەیەک چینێکی سەربەخۆیە : مەبەست مسۆگەرکردنی ئەوەیە کە هەر سێ گوتارەکە (عەقڵانی فیکری، کۆمەڵایەتی هاوچەرخ، و ڕۆحی سۆزداری) بە کێشێکی نزیک لە یەکسان لە شیکارییەکەدا نوێنەرایەتی بکرێن، چونکە ئامانجی توێژینەوەکە بەراوردکردنی ڕەنگدانەوەی شێوازەکانی دیالۆگە لە نێوان ئەم سێ گوتارەدا، نەک نوێنەرایەتیی ڕێژەیی قەبارەی هەر بەرنامەیەک. لەبەر ئەمە، جیاوازیی ڕێژەی سەدیی نموونەگرتن لە نێوان بەرنامەکاندا (نزیکەی ١٥% لە «دیالۆگ « بەرامبەر ٨١% لە «نما») ئەنجامێکی سروشتی و چاوەڕوانکراوی ئەم هەڵبژاردنە چینبەندیکراوەیە، نەک کەموکوڕیی نموونەگرتن. بە کۆی گشتی، (٥٢) ئەڵقە هەڵبژێردران کە دەکاتە (٢٦.٨%)ی کۆمەڵگەکە.

ئەم (٥٢) ئەڵقەیە بۆ مەبەستی شیکاریی سیستەماتیک وەک «ساڵێکی دەستکرد (Artificial Year) «مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە (بەو پێیەی ساڵێک لە ٥٢ هەفتە پێک دێت)، و بەپێی ڕیزبەندییەکی بابەتی ڕێکخراون کە لە گوتاری عەقڵانییەوە دەست پێدەکات و بەرەو گوتاری ڕۆحی دەڕوات: (١) دیالۆگ، (٢) نما، (٣) ئەزموونەکان. ئەم ناولێنانە تەنها ئامرازێکی ڕێکخستنە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سامپڵەکەدا وەک یەکەیەکی شیکاریی یەکگرتوو، نەک بانگەشەی هاوتاییەکی کاتیی ڕاستەقینە.

**١.٨ ئامرازی توێژینەوە: فۆرمی شیکاریی ناوەڕۆک**

ئامرازی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە فۆرمێکی شیکاریی ناوەڕۆکە کە تایبەتە بەم توێژینەوەیە و ڕاستەوخۆ لە دەقی قورئانی پیرۆزەوە هەڵکێشراوە (نەک ئامرازێکی گشتیی دەرەکی)، کە بەپێی حەوت دەستەی سەرەکی لە «شێوازەکانی دیالۆگی قورئانی پیرۆز» دارێژراوە. ئەم پۆلێنکردنە بە کۆی گشتی چل (٤٠) شێوازی جیاواز لەخۆ دەگرێت، کە بۆ هەر یەکێکیان کۆمەڵێک شێوازی لاوەکی لەخۆ دەگرێت و هەر شێوازێکیش بە پێناسەیەکی کرداری و پێوەری ناسینەوەی تایبەت دیاری کراوە. پێناسە و نموونەی ئایەتی هەر یەک لە چل شێوازەکە بە تەواوی لە دکتۆرانامەی سەرچاوەی ئەم توێژینەوەیەدا هاتووە؛ بەهۆی سنووری قەبارەی وتارەکەوە، لێرەدا تەنها پوختەی حەوت دەستە سەرەکییەکە خراوەتەڕوو. حەوت دەستە سەرەکییەکە بریتین لە :

١. شێوازە عەقڵی و بەڵگەهێنانەوەییەکان .
٢. شێوازە دەروونی و سۆزدارییەکان .
٣. شێوازە فێرکاری و ڕێنماییکارییەکان .
٤. شێوازە هونەری و وێناکارییەکان .
٥. شێوازە بووناسییەکان و پرسیارە مەزنەکان .
٦. شێوازە ڕۆحی و عیرفانییەکان .
٧. شێوازە گونجاوەکان بەپێی دۆخی وەرگر .

لێرەدا تێبینییەکی مەنهەجی پێویستە: شەش دەستەی یەکەم لەسەر بنەمای یەک ڕەهەند پۆلێن کراون، کە بریتییە لە سروشتی دەربڕینی شێوازەکە (عەقڵی، سۆزداری، فێرکاری، هونەری، بوونناسی، ڕۆحی)، بەڵام دەستەی حەوتەم لەسەر ڕەهەندێکی جیاواز وەستاوە، کە گونجانی شێوازەکەیە لەگەڵ دۆخ و ئاستی وەرگردا؛ بۆیە شێوازەکانی ئەم دەستەیە دەتوانن بە هاوکاتی لەگەڵ شێوازەکانی دەستەکانی تردا ڕووبدەن. یەکەی شیکاریش لە دوو ئاستدا دیاری کرا: سەرچاوەی دیالۆگە قورئانییەکان (ئایەت، ڕووداوی قورئانی، بەستێنی سیرە) و شێوازی بەکارهێنراو لە خستنەڕوو و شرۆڤەکردنیاندا.

## ١.٩ ڕاستی و جێگیریی ئامرازەکە

بۆ مسۆگەرکردنی ڕاستیی ڕواڵەتی و ناوەڕۆکیی ئامرازەکە، فۆرمە شیکارییەکە خرایە بەردەم هەڵسەنگاندنی حەوت پسپۆڕ لە بواری ڕاگەیاندن، زانستە ئیسلامییەکان، و میتۆدۆلۆجیای توێژینەوە، بەم ناوانە: پ.د. بەهاءالدین ئەحمەد، پ.د. یەحیا عومەر ڕێشاوی، و پ.د .ڕێبەر گۆران مستەفا (کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی)؛ پ.د .فوئاد عەلی ئەحمەد؛ پ.ی.د. ڕۆزە حەمەویس حەمەمیرزا (کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی)؛ پ.ی.د. ناصح عبدالفتاح ئاروزەری (کۆلێژی خوێندنی ئیسلامی، زانکۆی سلێمانی)؛ و د.م. ئیحسان ساڵح محمد (کۆلێژی ئەندازیاری، زانکۆی ولڤەرهامپتن، بەریتانیا .(بەپێی تێبینییەکانیان پێداچوونەوەی بۆ کرا و داڕشتنەوەی کۆتایی وەرگرت؛ ڕێژەی کۆدەنگیی گشتیی پسپۆڕانە لەسەر دروستیی زۆربەی پۆلێنەکان گەیشتە (٩٠٪). بۆ جێگیریش دوو پێوەر بەکارهێنران، هەردووکیان بە هاوکێشەی هۆڵستی:(Holsti’s C.R)

هاوکێشەکە بەم شێوەیەیە $C.R = 2M / (N1 + N2)$، کە تێیدا: (M)ژمارەی ئەو یەکانەیە کە هەردوو کۆدکار لەسەری ڕێک کەوتوون، و (N1) و (N2) کۆی گشتیی یەکەکانی کۆدکراون لەلایەن هەر کۆدکەرێکەوە.

یەکەم، جێگیریی لەگەڵ خودی توێژەردا بە دووبارەکردنەوەی کۆدکردن :(Test–Retest) توێژەر خۆی سامپڵێکی (٦) ئەڵقەیی (دوو ئەڵقە لە هەر بەرنامەیەک، نزیکەی ١١.٥% ی سامپڵەکە) لە دوو قۆناغی جیاوازدا، بە مەودای کاتیی (٢١) ڕۆژ کە لە ماوە پەسەندکراوەکەی (١٥) ڕۆژ زیاترە، دووبارە کۆد کردەوە، و بەهاکەی گەیشتە .(C.R = 0.80) ئەم پێوەرە سەقامگیریی کۆدکردنی توێژەر بەسەر کاتدا دەسەلمێنێت.

دووەم، جێگیریی لەگەڵ کۆدکەرانی تردا (Inter-coder Reliability): بەپێی ڕێکارەکەی هۆڵستی، ئەم هەنگاوە لە نێوان توێژەر و دوو کۆدکەری سەربەخۆدا ئەنجام دەدرێت کە هەمان پسپۆڕی یان لێزانینیان بۆ بابەتی توێژینەوەکە هەیە، تاکو جیاوازییە تاکەکەسییەکان دەربکەون و بابەتیبوونی کۆدکردنەکە بسەلمێنرێت (Holsti, 1969, p. 140). بۆ ئەم مەبەستە، هەمان سامپڵی (٦) ئەڵقە، دوای ڕاهێنانی کۆدکەرەکان لەسەر فۆرمەکە و پێناسە کردارییەکانی، لەلایەن دوو کۆدکەری سەربەخۆوە، مامۆستا چیا یاسین محمد ئەمین (ماستەر لە ڕاگەیاندن، خوێندکاری دکتۆرا لە بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی) و مامۆستا سەربەست حسێن قادر (ماستەر لە ڕاگەیاندن/تەلەفزیۆن، خوێندکاری دکتۆرا لە بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی)، بە سەربەخۆیی کۆد کرایەوە. بەهای ڕێککەوتن لە نێوان توێژەر و کۆدکەری یەکەمدا گەیشتە (C.R = 0.88) و لە نێوان توێژەر و کۆدکەری دووەمدا(C.R = 0.84) ، و تێکرای گشتیی جێگیرییەکە گەیشتە (C.R = 0.86)، کە لە سەرووی ئاستی پەسەندکراوی (٠.٨٠)دایە و بابەتیبوونی پرۆسەی کۆدکردنەکە دەسەلمێنێت.

## ١.١٠ سنوورەکانی توێژینەوە

توێژینەوەکە لە سێ سنووردا دیاری دەکرێت: سنووری بابەتی، کە شێوازەکانی دیالۆگی قورئانی پیرۆز و ڕەنگدانەوەیانە لە گوتاری بانگەوازیدا؛ سنووری شوێنی، کە پێگە بانگەوازییە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانە بە نموونەی سێ بەرنامەکەی ناوبراو؛ و سنووری کاتی، کە ماوەی نێوان (٢٠٢٠/١٠/٢٦) تا (٢٠٢٥/٨/١٩) دەگرێتەوە. هەروەها شیکارییەکە تەنیا ناوەڕۆکی دەرکەوتووی بەرنامەکان دەگرێتەوە (شیکاریی ناوەڕۆکی ڕوخساری دەق و گوتار)، نەک پرۆسەی بەرهەمهێنان یان وەرگرتنی ڕای بینەران، دەکرێت ئەوانە بابەتی توێژینەوەی سەربەخۆ بن.

## ١.١١ توێژینەوەکانی پێشوو

لە نامە دکتۆراییەکەدا کە ئەم توێژینەوەیەی لێ هەڵێنجراوە، هەژدە توێژینەوەی پێشوو لە سێ تەوەردا هەڵسەنگێنراون (توێژینەوە میدیاییەکانی میدیای کوردی و پێگە دیجیتاڵییەکان؛ بانگەواز و ناوەڕۆکی ئایینی لە پێگە دیجیتاڵەکاندا؛ و شیکاریی شێوازەکانی دیالۆگی قورئانی پیرۆز). لێرەدا، تەنها ئەو توێژینەوانە بە وردی دەخرێنەڕوو کە لە ڕووی ئامرازی شیکاری و گۆڕاوەکانەوە نزیکترین پەیوەندییان بە ڕێبازی ئەم توێژینەوەیەوە (شیکاریی ناوەڕۆکی ئەمپیریکی بە گۆڕاوی پێوانەکراو) هەیە: توێژینەوەکانی تەوەری یەکەم، سەرەڕای بایەخیان بۆ خوێندنەوەی میدیای کوردی بەگشتی، پێوەرەکانیان لە تیۆرە میدیایی و کۆمەڵناسییەکانەوە وەرگرتووە بەبێ ئەوەی گۆڕاوێکی تایبەت بە دیالۆگی قورئانی تێدا هەبێت، بۆیە لێرەدا وردەکارییان باس نەکراوە؛ سەبارەت بە تەوەری سێیەم (لێکۆڵینەوەی تیۆریی شێوازەکانی دیالۆگی قورئانی)، سەرچاوە پەیوەندیدارەکانی لە چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکەدا (بەشی ٢.٥ وەک بنەمای پۆلێنبەندییەکە باس کراون، نەک وەک توێژینەوەی پێشووی هاوشێوە، چونکە سروشتیان تیۆری و بەلاغییە نەک ئەمپیریکی بە گۆڕاوی پێوانەکراو. لە تەوەری دووەمدا، نزیکترین نموونە ئەمەیە:


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12580]
- **Submission Date:** [13/7/2026], **Revised Date:** [13/7/2026], **Accepted Date:** [3/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

توێژینەوەی (الشهري، ٢٠١٥) بەناونیشانی «أساليب الدعوة إلى الله تعالى في مواقع التواصل الاجتماعي»، نامەی ماستەرە لە زانكۆی الإمام محمد بن سعود الإسلامية لە ڕیاز .ئامانجی دیاریکردنی گرنگترین شێوازەکانی بانگەواز بووە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا (فەیسبووک، تویتەر، یوتیوب) لەگەڵ ئاداب و ئاستەنگەکانی؛ توێژەر بە ڕێبازی وەسفیی ئیستیقرایی واقیعی بانگەوازی لە سۆشیال میدیادا پشکنیوە و گەیشتووەتە ئەوەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ئاراستەکردنی ڕای گشتی هەیە و سەرکەوتنی بانگخواز بەندە بە پوختیی شێوازی گەیاندنەوە. خاڵی هاوبەش ئەوەیە کە هەردوو توێژینەوەکە ژینگەی دیجیتاڵ و شێوازی بانگەواز تێیدا شی دەکەنەوە؛ بەڵام خاڵی جیاکەرەوە لەوەدایە کە الشهري باسی شێوازە گشتییەکانی بانگەواز دەکات بەبێ بەستنەوەیان بە پێوەرێکی قورئانیی دیاریکراو، لە کاتێکدا توێژینەوەی ئێستا بە وردی پێوانەی ڕەنگدانەوەی شێوازەکانی دیالۆگی قورئانی دەکات لە پێگە کوردییەکاندا، واتە تەنگتر و قووڵترە لە ڕووی پێوەرەوە و دیاریکراوترە لە ڕووی بەستێنەوە .

بە چاوخشاندنێکی گشتی بەسەر پێشینەی زانستییەکەدا دەردەکەوێت کە هەوڵە زانستییەکانی پێشوو لە دوو کەناڵی سەرەکیدا ڕۆیشتوون: کەناڵێک دیالۆگی قورئانی لە گۆشەنیگای زانستە شەرعی و زمانەوانی و شێوازناسییەوە لێکۆڵیوەتەوە (وەک بەشی ٢.٥ی ئەم توێژینەوەیە پشتی پێ بەستووە) بەڵام لە چوارچێوەی خودی دەقی قورئاندا ماوەتەوە و دەرنەچووە بۆ بەستێنی میدیای هاوچەرخ؛ و کەناڵێکیش پێگە و میدیای بانگەوازیی لە گۆشەنیگای تەکنیکی و میدیاییەوە هەڵسەنگاندووە (وەک توێژینەوەی الشهري لەسەرەوە) بەڵام بەبێ ئەوەی پێوەرە تایبەتەکانی دیالۆگی قورئانی بکاتە بنەمای هەڵسەنگاندنەکەی. لێرەوە کەلێنە زانستییەکە (Research Gap)بە ڕوونی دەردەکەوێت: تا ئەو ڕادەیەی توێژەر ئاگاداربێت، هیچ توێژینەوەیەک نەبووە کە پێوەرە قورئانییەکانی دیالۆگ بکاتە چوارچێوەیەکی پێوانەکراو بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی پێگە بانگەوازییە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان. توێژینەوەی ئێستا ئەم کەلێنە لە سێ ڕووەوە پڕ دەکاتەوە :بە بەستنەوەی دوو کایەی زانستی (دیالۆگی قورئانی و میدیای دیجیتاڵی کوردی)، بە دارشتنی فۆرمێکی شیکاریی ناوەڕۆک کە پێوەرە قورئانییەکان دەکاتە یەکەی پێوانە، و بە جێبەجێکردنی ئەم پێوانەیە لەسەر کەیسێکی کوردیی دیاریکراو، بەمەش نە دووبارەکردنەوەی توێژینەوەکانی پێشووە و نە لاساییکردنەوەیان، بەڵکوو هەنگاوێکی نوێیە بەرەو پێکەوەبەستنی تیۆری قورئانی و پراکتیکی میدیایی.

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری

### ٢.١ دیالۆگ: چەمک و ڕەهەندە زمانەوانییەکانی

وشەی Dialogue لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ وشەی یۆنانیی کۆنی(διάλογος) ، کە لە دوو بەشی (dia) بە واتای «بە نێوان» یان «لە نێواندا»، و (logos) بە واتای «وشە، گفتار، لۆژیک، هزر» پێکهاتووە؛ کەواتە واتا ڕیشەییەکەی دەکاتە «تێپەڕبوونی وشە و واتا بە نێوان دوو لایەندا (Liddell & Scott, 1996, s.v. « διάλογος).لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەرەکەی وشەی «الحِوار»ە لە ڕیشەی (ح و ر)ەوە، کە بە واتای گەڕانەوە و ئاڵوگۆڕی قسە دێت، (ابن منظور، ١٤١٤هـ، ج٤، ل٢٦٤–٢٦٦). لە پێناسە زاراوەییەکانیشدا، دیالۆگ دەکرێت پێناسە بکرێت بە «ئاڵوگۆڕی قسە لە نێوان دوو لایەن یان زیاتردا، بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستی یان نزیککردنەوەی بۆچوونەکان، بە دوور لە ململانێ و دەمارگیری». لە بواری ڕاگەیاندنیشدا، دیالۆگی میدیایی بە یەکێک لە قاڵبە سەرەکییەکانی دەرکەوتنی گوتار لە ڕۆژنامەگەری و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن دادەنرێت، کە ڕەگەز و جۆر و ئەرک و شێوەی خۆی هەیە (الكناني، ٢٠٠٥، ل٨٣–١١٦). بۆ وردکردنەوەی چەمکەکە، پێویستە دیالۆگ لە چەمکە نزیکەکانی جیا بکرێتەوە. دیدار (Encounter)و چاوپێکەوتن (Interview) و گفتوگۆی ئاسایی (Conversation)هەموویان فۆرمی ئاڵوگۆڕی قسەن، بەڵام دیالۆگ بە مانا زانستییەکەی مەرجی ئامانجدارییە: ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕێکخراوی بۆچوونەکانە بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستی یان نزیککردنەوەی ڕوانگەکان. لە بەرامبەردا، دیبەیت (Debate) جۆرە ڕکابەرییەکی بەڵگەییە کە هەردوولا هەوڵدەدەن بۆچوونی خۆیان بسەلمێنن، و جەدەل، کە بەکوردی پێی دەوترێت مشتومڕ، لە زمانی قورئانیدا دوو ڕووی هەیە (ڕەوا و بەتاڵ) وەک لە بەندی داهاتوودا دەخرێتەڕوو؛ ئەم جیاکردنەوانە لە ئەدەبیاتی بوارەکەدا بە وردی باس کراون (زمزمي، ٢٠٠١، بابی یەکەم). لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی «دیالۆگ» بە شێوە فراوانەکەی بەکارهاتووە کە هەموو ئەم فۆرمانە دەگرێتەوە، بەو مەرجەی لە دەقی قورئانیدا یان لە گوتاری بەرنامەکاندا وەک ئاڵوگۆڕێکی ئامانجداری وتە دەربکەوێت .

### ٢.٢ دیالۆگ وەک ئەرکێکی میدیایی: لە بۆشایی تیۆرییەوە بۆ ئەرکێکی پێوانەکراو

بە درێژایی مێژووی تیۆریی پەیوەندیکردن، زانایان بایەخێکی زۆریان بە پۆلێنکردنی ئەرکەکانی میدیا لە کۆمەڵگەدا داوە؛ لە «سێینە بنەڕەتییەکەی لاسکوێڵ»ەوە لە ساڵی ١٩٤٨ )چاودێریکردنی ژینگە، پێکەوەبەستنی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و گواستنەوەی کەلەپووری کۆمەڵایەتی)، بۆ ئەرکی چوارەمی ڕابواردن (Entertainment) لای ڕایت، تا پۆلێنبەندییە گشتگیرەکەی مەککوێڵ .(McQuail, 2010, pp. 64–69) لەگەڵ ئەوەشدا، «دیالۆگ»، واتە توانای میدیا بۆ بەشدارپێکردنی ڕاستەقینەی جەماوەر لە ئاڵوگۆڕێکی پەیوەندیکاریی دوولایەنەدا، بە شێوەیەکی سیستەماتیک کەم تیۆریزە کراوە یان خراوەتە ژێر

پۆلەکانی ترەوە. سەرهەڵدانی میدیای دیجیتاڵیش، کە مۆدێلی پەخشی یەک ئاراستەیی کۆتایی پێهێنا، ئەم بۆشاییە تیۆرییەی هێنایە ناوەندی شیکارییەکان .

بۆ سەلماندنی دیالۆگ وەک ئەرکێکی میدیایی سەربەخۆ، توێژینەوەکە پشت بە چوار هێڵی بەڵگە دەبەستێت: ١. هێڵی ئەزموونی: وەرچەرخانە کارلێککارییەکەی دوای «وێبی ٢.٠» دەریخست کە جەماوەری هاوچەرخ بە چالاکی داوای بەشداریی دیالۆگی دەکەن و پێگە دیالۆگییەکان لە پێوەرەکانی بەشداری و متمانەدا پێش پێگە مۆنۆلۆگییەکان دەکەون. ٢. تیۆریی بۆشایی گشتیی هابرماس: میدیا ناتوانێت ئەرکە دیموکراسییەکەی، کە پاراستنی بۆشایی گشتیی گوتاری عەقڵانی ڕەخنەگرانەیە، جێبەجێ بکات بەبێ ئاسانکاریکردن بۆ دیالۆگی گشتیی ڕاستەقینە (Habermas, 1989, pp. 1–26). ٣.تیۆریی پەیوەندیکردنی ئیسلامی: چوارچێوەکەی (النحل/١٢٥)، واتە حیکمەت، مەوعیزەی حەسەنە و موجادەلە بە باشترین شێوە، سێ ئاراستەی پەیوەندیکاری دیاری دەکات کە دوانیان لە بنەڕەتدا دیالۆگین و هیچیان بە تەواوی لەلایەن ئەرکە کلاسیکییەکانی میدیاوە ناگیرێن. ٤. توێژینەوەی پەیوەندییە گشتییەکان: سەلمێندوویەتی کە پەیوەندیکردنی بە دیالۆگ، بەراورد بە مۆنۆلۆگ، دەرئەنجامی باڵاتر لە متمانە، باوەڕپێکراوی و کوالیتیی لە پەیوەندیدا بەرهەم دەهێنێت (Kent & Taylor, 2002, pp. 21–37).ئەم چوار هێڵە پێکەوە دەیسەلمێنن کە دیالۆگ ڕەهەندێکی ناوەندیی ئەرکەکانی میدیایە .

بۆ ئەوەی ببێتە پێوەرێکی کردەیی، لە چەمکی «دۆخی ئایدیالیی قسەکردن»ی هابرماسەوە سێ مەرجی دیالۆگی ڕاستەقینە دەستنیشان دەکرێن (Habermas, 1970, pp. 360–375): (یەکسانی): مافی هەموو لایەنەکان بۆ چوونە ناو بۆشاییە پەیوەندیکارییەکە بەبێ بەربەستی پێکهاتەیی؛ (وەڵامدانەوە): وەڵامدانەوەی ڕاستەقینە بۆ بەشدارییەکانی بەرامبەر و گۆڕینی پەیوەندیکردنی دواتر بەپێی ئەوەی بیستراوە؛ (ڕاستگۆیی): دەربڕینی ڕاستگۆیانە و ئاشکراکردنی هەڵوێست و سەرچاوە ڕاستەقینەکان لە بری نواندنی ڕواڵەتێکی دیالۆگی (Habermas, 1984, pp. 86–101).

ئەم سێ مەرجە سنووری نێوان دیالۆگی ڕاستەقینە و ڕواڵەتی دەکێشن، کە بۆ هەڵسەنگاندنی گوتاری بانگەوازی بنەڕەتییە. بە یەکخستنی چوار نەریتی تیۆری (ئەرکەکانی میدیای کلاسیک، کردەی پەیوەندیکاریی هابرماسی، چوارچێوەکەی کێنت و تایلۆر، و دیالۆگیزمی باختین لەگەڵ پەروەردەکەی فرەیرێ)، پێنج پێکهێنەری ئەرکی میدیایی دیالۆگی دەستنیشان دەکەن (McQuail, 2010, pp. 100–115): ١. توانای کەناڵ: توانای تەکنیکی بۆ پەیوەندیکردنی دوو ئاراستەیی؛ ٢. ئاراستەی پەیوەندیکار: کراوەیی ڕاستەقینە بۆ دیدگای جەماوەر وەک هاوبەشی پرۆسەکە؛ ٣. دیزاینی پەیام: ناوەڕۆکی لە بنەڕەتدا دیالۆگی (مۆدێلەکانی موجادەلە، حیکمەت و مەوعیزەی حەسەنە)؛ ٤. بەهێزکردنی جەماوەر: بونیادنانی توانای بەشداریی ڕەخنەگرانە؛ ٥. شەفافیەتی دامەزراوەیی: ئاشکراکردنی هەڵوێستە سەرنووسەرییەکان و پەیوەندییە ڕێکخراوەییەکان. ئەم پێنج خاڵە چوارچێوەیەکی کردەیین بۆ شیکردنەوەی ئەرکی دیالۆگیی هەر پێگەیەکی میدیایی. نژیاروانییە تەکنیکییەکەی (وێبی ٢.٠)، کە لە نزیکەی ساڵی ٢٠٠٤ەوە دەرکەوت، ئەو تواناییانەی شیاوی بەدەستهێنان کرد کە کێنت و تایلۆر لە ساڵی ١٩٩٨دا وەک پێکهێنەرەکانی «بەڵێنی دیالۆگی» دەستنیشانیان کردبوو (Kent & Taylor, 1998, pp. 321–334): بنەمای «بازنەی دیالۆگی» بە کۆمێنتی کاتی ڕاستەقینە، دەروازەی پرسیار و وەڵام و نامەگۆڕینەوەی ڕاستەوخۆ کاری پێدەکرێت؛ بنەمای «هێشتنەوەی وەرگر» بە سیستەمی بەشداریکردن و ئاگادارکردنەوە خێراکان چالاکە؛ بنەمای «هاندانی بەکارهێنەر بۆ گەڕانەوە»ش بە خشتەی پەخشی بەردەوام و بەرنامەی وەرزیی گونجاو لەگەڵ بۆنە ئیسلامییەکان جێبەجێ دەکرێت (Taylor, Kent & White, 2001, pp. 263–284). ئەم تایبەتمەندییانە ئەرکی دیالۆگی لە میدیای دیجیتاڵدا زۆر پڕ بەرهەمتر دەکەن و پێویستیی شیکاریی وردی پێگە بانگەوازییەکان دەردەخەن .

سۆشیاڵ میدیاش وەک (فەیسبووک، یوتیوب، ئێکس، تێلیگرام و تیکتۆک) بازنەی دیالۆگی لە ناوکی خۆیدا جێگیر کردووە؛ هەر پۆستێک بانگهێشتێکە بۆ وەڵامدانەوە و تەواوی ئاڵوگۆڕەکە بە ئاشکرا دەردەکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا، توێژینەوەکان دەیسەلمێنن کە ڕێکخراوە میدیاییەکان (لەوانەش پێگە بانگەوازییە ئایینییەکان) سۆشیاڵ میدیا بە پلەی یەکەم بۆ پەخشی یەک ئاراستەیی بەکاردەهێنن. لێرەدا جیاکارییەکەی ئەندەرسۆن و هاوکارانی بەسوودە، کە چوار ئاستی بەشداری جیا دەکاتەوە: وەڵامدانەوە، کارلێککاری، بەشداریی بەردەوام و دیالۆگی تەواوەتی (Anderson, Swenson & Gilkerson, 2016, pp. 4095–4116).ڕێکخراوەکانی بانگەواز بەگشتی لە ئاستی وەڵامدانەوەدا دەمێننەوە، لەکاتێکدا زانا ئایینییە سەربەخۆکان لە ڕێگەی پەخشی ڕاستەوخۆی پرسیار و وەڵامەوە لە یوتیوب و فەیسبووک، بەشێکی ئەم نەخشەیان پێک هێناوە؛ لە ئاستی میکانیزمە کردەییەکانیشدا، حەوت ئامرازی سەرەکی دەستنیشان کراون کە ئەرکی دیالۆگییان پێ پیادە دەکرێت و بوون و کوالیتییان ڕەهەندی پێوانەکراوی ئەم ئەرکەن: ١. بەشی پرسیارە باوەکان(FAQ) ؛ ٢ .دەروازەی کارلێککارییەکانی پرسیار؛ ٣. سیاسەتی کۆمێنت؛ ٤. سیاسەتی ڕاستکردنەوە؛ ٥ .ناوەڕۆکی پێشکەشکراوی جەماوەر؛ ٦. دانیشتنە ڕاستەوخۆکانی پرسیار و وەڵام؛ ٧. مەکۆکانی دیالۆگی کۆمەڵگە. لەگەڵ ئەمەشدا، گرنگترین دۆزینەوەی دوو دەیە توێژینەوە ئەوەیە کە پێگە دیجیتاڵییەکان توانای دیالۆگیی بێپێشینە پێشکەش دەکەن، بەڵام بەدیهێنانی پراکتیکی ئەم توانایە، بەهۆی دیزاینی خودی


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12580]
- **Submission Date:** [13/7/2026], **Revised Date:** [13/7/2026], **Accepted Date:** [3/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

سەکۆکان و شێوازی بەکارهێنانی ڕێکخراوەکانەوە، هێشتا لە ئاستی بەڵێنەکەوە دوورە .(Kent & Taylor, 2021)

ئەدەبیاتی توێژینەوەکان چوار ڕوونکردنەوەی سەرەکی بۆ ئەم «بۆشاییە» دەستنیشان دەکەن: ١. دامەزراوەیی :دیالۆگی ڕاستەقینە توانای گۆڕینی هەڵوێستی ڕێکخراوەکەی هەیە و زۆرجار وەک مەترسی سەیر دەکرێت؛ ٢. سەرچاوەیی: دیالۆگی بەردەوام پێویستی بە هێزی مرۆیی و داراییە، کە زۆرێک لە ڕێکخراوە بچووکەکانی بانگەواز خاوەنیان نین؛ ٣. ئایدیۆلۆژی: هەندێک ڕێکخراوی ئایینی خۆیان بە پارێزەری ڕاستییەکی پیرۆز دەزانن و گفتوگۆ لەسەریان بە کەمکردنەوەی شکۆیان دەزانن؛ ٤. چوارچێوەیی: لە ژینگە سیاسییە هەستیارەکاندا کردنەوەی دەرگای دیالۆگ دەکرێت ئاڵۆزیی دامەزراوەیی و یاسایی دروست بکات (Baumgartner, Fürst & Schönhagen, 2021). تێگەیشتن لەم هۆکارانە هێندەی بەڵگەنامەکردنی خودی بۆشاییەکە گرنگە؛ چونکە دیالۆگی عەقڵانی سەنگی زانستی لە قاڵبی سەپاندنەوە دەگۆڕێت بۆ قایل پێکردن و پیرۆزییەکان لە باوەڕی نابینایانەوە بەرز دەکاتەوە بۆ باوەڕی عەقڵانی .لەم چوارچێوە تیۆرییەدایە کە هەڵسەنگاندنی بەرنامە بانگەوازییە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان واتایەکی زانستیی تەواو وەردەگرێت. کاتێک ئایەتی (النحل:١٢٥) هەریەکە لە «حیکمەت«، »مەوعیزەی حەسەنە» و «موجادەلە بە باشترین شێوە» وەک سێ ئاراستەی پەیوەندیکاری دیاری دەکات، ئاماژەیە بۆ سێ ئەرکی پەیوەندیی جیاواز کە لەگەڵ جۆرەکانی جەماوەر و ئامانجەکانی پەیوەندیکردندا هاوتان .

بەم پێیە، پەیڕەوکردن یان لادانی پێگە بانگەوازییە کوردییەکان لەم مۆدێلە قورئانییە تەنها گۆڕینی شێوازی قسەکردن نییە، بەڵکو مانای جێبەجێکردنی ئەرکە پیشەییەکەیانە وەک میدیاکار و ئەرکە ئایینییەکەیانە وەک بانگەوازکار؛ چونکە سەرکەوتنیان لە گەیاندنی پەیام ڕاستەوخۆ بەندە بە بەکارهێنانی ئەم دیالۆگە، بۆیە پێویستە بە وردی و زانستیانە شیکارییان بۆ بکرێت.

## ٢.٣ دیالۆگ لە قورئانی پیرۆزدا: پێگە و بنەمای زمانەوانی

قورئانی پیرۆز، لە پرۆسەی گەیاندنی پەیامەکەیدا، دیالۆگی کردووەتە یەکێک لە ستوونە سەرەکییەکانی بونیادی دەقەکەی. لە ڕووی ڕیزبەندی ڕووداوی قورئانییەوە، یەکەم دیالۆگ لە قورئاندا دیالۆگی نێوان خوای گەورە و فریشتەکانە لەسەر ئامادەکردنی ئادەم (د.خ) بۆ بەرپرسیارێتی لەسەر زەویدا: ﴿وَإِذْ قالَ رَبُّكَ لِلْمَلائِكَةِ إِنّي جاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً قالوا تَجْعَلُ فيها مَنْ يُفْسِدُ فيها﴾ (البقرة/٣٠) (الزمخشري، ١٤٠٧هـ، ج١، تەفسیری ئایەتی ٣٠ی سورەتی البقرة)؛ ئەم ئایەتە دەرگای دیالۆگ لە قورئاندا دەکاتەوە و نموونەی پرسیارکردنی ئازادانە و وەڵامدانەوەی بەڵگەدارە. لە دوای ئەوەوە زنجیرەی دیالۆگەکان درێژ دەبێتەوە: ئادەم و حەووا، نوح و گەلەکەی، ئیبراهیم و باوکی و نەمرود، موسا و فیرعەون، سلێمان و بەلقیس، تا دیالۆگەکانی پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ موشریکان و ئەهلی کیتابدا .

خوێندنەوەیەکی زمانی دیالۆگ لە قورئاندا دەریدەخات کە سێ کۆمەڵە وشە بونیادی دیالۆگیی دەقەکەیان هەڵگرتووە :

یەکەم، ڕیشەی (حور): فۆرمەکانی موحاوەرە سێ جار لە قورئاندا هاتوون، لە دوو بەستێندا: دیالۆگی خاوەنی دوو باخەکە و هاوەڵەکەی ﴿قالَ لَهُ صاحِبُهُ وَهُوَ يُحاوِرُهُ﴾ (الکهف/٣٤، ٣٧(، و دیالۆگی ئەو ئافرەتەی کە لەسەر مێردەکەی موجادەلەی دەکرد ﴿وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحاوُرَكُما﴾ (المجادلة/١) (جواهری، ١٣٨٩ش، ل٢٣–٣٦ .(

دووەم، ڕیشەی (جدل): داڕێژراوەکانی جەدەل بە دوو شێوە دەرکەوتوون: جەدەلی ڕەوا کە بە ﴿بِالَّتي هِيَ أَحْسَنُ﴾ قەیدکراوە (النحل/١٢٥؛ العنکبوت/٤٦)، وە جەدەلی بەتاڵ ﴿وَيُجادِلُ الَّذينَ كَفَروا بِالْباطِلِ﴾ (الکهف/٥٦)؛ هاوکات قورئان جەدەل دەکاتە بەشێک لە سروشتی مرۆڤ: ﴿وَكانَ الْإِنْسانُ أَكْثَرَ شَيْءٍ جَدَلًا﴾ (الکهف/٥٤) .

سێیەم، فەرمانی (قال): بەرچاوترین دیاردەی ژماردنەوەیی، دووبارەبوونەوەی فەرمانی (قال) و داڕێژراوەکانییەتی، کە توێژینەوە هاوچەرخەکان (١٧١٧) جار تۆماری دەکەن ژمارەیەک کە بەڵگەی بنیادی گێڕانەوەیی دیالۆگیی دەقەکەیە و دەیسەلمێنێت کە (قال) لە قورئاندا کلیلی کردنەوەی دیمەنە گفتوگۆییەکانە (قهرمانی و هاوکاران، ١٣٩٦ش، ل٩٠–١١٣) .

لە ڕووی پێگەی بانگەوازییشەوە، توێژینەوەکانی بواری ڕاگەیاندنی ئاینی دیالۆگ دەخەنە ڕیزی شێوازە ڕاگەیاندنییە سەرەکییەکانی قورئانەوە، و ئایەتی ﴿ادْعُ إِلى سَبيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجادِلْهُم بِالَّتي هِيَ أَحْسَنُ﴾ (النحل/١٢٥) دەکەنە دایکی ئەو شێوازانە (قالتي و هواري، ٢٠١٨، ل٢٩٨)؛ هەروەها ڕەگەزی پرۆسەی پەیوەندی لە قورئاندا بەم شێوەیە دیاری دەکەن: سەرچاوەی پەیامەکە (خوای گەورە)، گوێزەرەوەی ناوەندی (جبریل)، گەیەنەری ئەرکدار (پێغەمبەر ﷺ)، و وەرگر کە هەموو مرۆڤایەتییە بەپێی ﴿وَما أَرْسَلْناكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعالَمينَ﴾ (الأنبياء/١٠٧) )قالتي و هواري، ٢٠١٨، ل٢٩٥–٢٩٦ .(

لە ڕوانگەی تیۆریی هاوچەرخیشەوە، ئەم بونیادە دیالۆگییە پشتڕاستکراوەتەوە: توێژینەوەکان لۆژیکی گفتوگۆیی میخائیل باختین و چەمکی فرەدەنگیی (Polyphony) بەسەر دەقی قورئانیدا پیادە دەکەن و دەریدەخەن کە قورئان دەقێکی فرەدەنگە: دەنگی پەیامبەران، دژبەران، فریشتەکان، و تەنانەت دەنگی شەیتانیش بە دەقی ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە و وەڵام دەدرێتەوە (پیروز، ١٣٩١ش، ل٤٥–٥٦ .(ئەم فرەدەنگییە، کە لە دەقە ئاینییەکاندا دیاردەیەکی دەگمەنە، بناغەیەکی دەقناسیی بەهێزە بۆ ئەو گریمانەیەی کە شێوازە دیالۆگییەکانی قورئان دەتوانن ببنە سەرچاوەی شێوازناسیی گوتاری بانگەوازیی هاوچەرخ .

## ٢.٤ بنەما و ئادابەکانی دیالۆگی قورئانی پیرۆز

لە خوێندنەوەی دیالۆگە قورئانییەکاندا کۆمەڵێک بنەمای شیکاری دەردەکەون کە دەکرێت بپێورێن، لەوانە: یەکسانیی ئاکاری (هەردوولای دیالۆگ، تەنانەت ئەگەر یەکیان پەیامبەر و ئەویتریان دژبەر بێت، مافی قسەکردن و وەڵامدانەوەیان هەیە)، ئازادیی پرسیارکردن، بەڵگەخوازی (داواکردنی بورهان/بەڵگە: ﴿قُلْ هاتوا بُرْهانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صادِقين﴾ البقرة/١١١)، و نەبوونی زۆرەملێی لە باوەڕدا (﴿لا إِكْراهَ فِي الدّينِ﴾ البقرة/٢٥٦). لە پاڵ بنەماکاندا، ئادابی دیالۆگی قورئانیش وەک نەرمی گوفتار (﴿فَقولا لَهُ قَوْلًا لَيِّنًا﴾ طه/٤٤)، گوێگرتنی چاک و ڕێزگرتنی بەرامبەر، لە ئەدەبیاتی بوارەکەدا بە وردی خراونەتەڕوو (زمزمي، ٢٠٠١، بابەکانی ٢–٤).

ئەم بنەما و ئادابانە، لە توێژینەوەکەدا بوونە بەشێک لە پێوەرەکانی ناسینەوەی شێوازەکان لە گوتاری بەرنامەکاندا. ئەم بنەمایانە لە دەقە قورئانییەکاندا بە ڕوونی دەبینرێنەوە. بنەمای بەڵگەخوازی لە داواکردنی بورهان دەردەکەوێت: ﴿قُلْ هاتوا بُرْهانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صادِقين﴾ (البقرة/١١١)، کە دیالۆگ لە بانگەشەی ڕووتەوە دەگوازێتەوە بۆ مەیدانی بەڵگە. بنەمای ئازادیی باوەڕ و نەبوونی زۆرەملێ لە ﴿لا إِكْراهَ فِي الدّينِ﴾ (البقرة/٢٥٦)دا چەسپاوە، کە بناغەی ڕەوایەتیی دیالۆگە :کاتێک باوەڕهێنان بە زۆر نەبێت، تاکە ڕێگەی گەیشتن بە ئامانج، قەناعەتپێهێنانە؛ لەم سۆنگەیەشەوە، بنەمای گوێگرتنی هەڵبژێرەران لە ﴿فَبَشِّرْ عِبادِ الَّذينَ يَسْتَمِعونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعونَ أَحْسَنَهُ﴾ (الزمر/١٧-١٨)دا هاتووە، کە گوێگر دەکاتە لایەنێکی چالاکی هەڵسەنگێنەر نەک وەرگرێکی پاسیڤ (ناچالاک). هەروەها بنەمای دادپەروەریی گوتاری لە ئایەتی ﴿قُلْ لَا تُسْأَلُونَ عَمَّا أَجْرَمْنَا وَلَا نُسْأَلُ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ (سبأ/٢٥)دا بەرجەستە بووە، کە هەردوولای دیالۆگ لە بەرپرسیارێتیدا یەکسان دەبینێت و دەرگای تۆمەتباری پێشوەخت دادەخات .

لە ئاستی ئادابیشدا، نەرمی گوتار لوتکەی خۆی لە فەرمانەکەی خوای گەورەدا بۆ موسا و هارون (د.خ) دەبینێتەوە بەرامبەر فیرعەون: ﴿فَقولا لَهُ قَوْلًا لَيِّنًا لَعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ﴾ )طه/٤٤ (ئەگەر لەگەڵ توندترین دژبەردا شێوازی نەرمی داوا بکرێت، ئەوا لەگەڵ وەرگری ئاساییدا بە پێویستتر دادەنرێت. ئەم ئادابانە، وەک لە ئەدەبیاتی بوارەکەدا خراونەتەڕوو (زمزمي، ٢٠٠١، بابەکانی ٢–٤(، سنووری ڕەوشتیی دیالۆگی قورئانی دەکێشن و وەک لە بەشی شیکاریدا دەردەکەوێت، ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆیان لە یاسا هاوبەشەکانی بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردیدا هەیە، بەتایبەت لە یاسای نەرمی و نزیکیی نەبوونی سەرزەنشتی توند و نەبوونی گاڵتەپێکردندا .

## ٢.٥ پۆلێنی حەوت دەستەییی شێوازەکانی دیالۆگی قورئانی پیرۆز

لەسەر بنەمای ئەم چوارچێوە تیۆرییە، و بە سوودوەرگرتن لە ئەدەبیاتی شیکاریی ناوەڕۆکی بەرنامە دیالۆگییەکان (بۆ نموونە: الكناني، ٢٠٠٥، ل١٩٥ و دواتر؛ الجيوسي، ٢٠٠٦، کە پێنج شێوازی هونەریی سەرەکیی دیالۆگی قورئانی — پرسیارکردن، چیرۆکگێڕانەوە، نموونەهێنانەوە، بەڵگەی عەقڵی، و وروژاندنی سۆز — دەستنیشان دەکات)، توێژینەوەکە پۆلێنێکی حەوت دەستەیی تایبەت بە خۆی بۆ شێوازەکانی دیالۆگی قورئانی داڕشتووە کە چل شێوازی جیاکراوە دەگرێتەوە. دەستەی عەقڵی و بەڵگەهێنانەوە شێوازەکانی وەک بەڵگەی بەراوردکاری، بەڵگەی عەقڵی، و بەڵگەی هەستپێکراو دەگرێتەوە؛ دەستەی دەروونی و سۆزداری شێوازەکانی هاندان و ترساندن و بەزەیی؛ دەستەی فێرکاری شێوازەکانی ڕێنمایی و ئامۆژگاری و پرسیاری فێرکاری؛ دەستەی هونەری شێوازەکانی چیرۆک و وێناکردن و نموونەهێنانەوە (﴿ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا﴾ النحل/٧٥)؛ دەستەی بوونناسی پرسیارە مەزنەکانی بوون و مردن و دوارۆژ (﴿أَيَحْسَبُ الْإِنسَانُ أَن يُتْرَكَ سُدًى﴾ القيامة/٣٦)؛ دەستەی ڕۆحی و عیرفانی شێوازەکانی چێژوەرگرتنی ڕۆحی و ئارامیی دڵ (﴿الَّذينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللَّهِ﴾ الرعد/٢٨)؛ و دەستەی حەوتەمیش شێوازە گونجاوەکان بەپێی ئاست و دۆخی وەرگر دەگرێتەوە .

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، هەر دەستەیەک نموونە قورئانییە بەرجەستەکانی خۆی هەیە. لە دەستەی عەقڵیدا، بەڵگەی بەراوردکاری لە دیالۆگی ئیبراهیم (د.خ) لەگەڵ نەمروددا دەدرەوشێتەوە: ﴿فَإِنَّ اللَّهَ يَأْتي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِها مِنَ الْمَغْرِبِ﴾ (البقرة/٢٥٨)، کە بەراوردێکی هەستپێکراو دژبەر بێدەنگ دەکات؛ و بەڵگەی عەقڵیی ڕوون لە ﴿لَوْ كانَ فيهِما آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتا﴾ (الأنبياء/٢٢)دا. لە دەستەی دەروونیدا، شێوازی هاندان (ترغيب) بە بەکارهێنانی زاراوەی بازرگانی و قازانجی ڕوحی دەربڕدراوە: ﴿هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ تِجَارَةٍ تُنجِيكُم مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ (الصف/١٠). لە دەستەی فێرکاریدا، پرسیاری هۆشیارکەرەوە کلیلی تێڕامانە: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ﴾ (محمد/٢٤). لە دەستەی هونەریدا، چیرۆک بەرزترین پێگەی وەرگرتووە: ﴿نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ﴾ (يوسف/٣) (القەتتان، ٢٠١٥، ل485 - 490)، لەگەڵ نموونەهێنانەوە ﴿ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا﴾ (النحل/٧٥). لە دەستەی بوونناسیدا پرسیارە مەزنەکانی بوون و زیندووبوونەوە دەوەستن: ﴿قَالَ مَن يُحْيِي الْعِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ﴾ (يس/٧٨-٧٩)؛ و لە دەستەی ڕۆحیدا ئارامیی دڵ بە زیکری خوداوە پەیوەستە: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللَّهِ﴾ (الرعد/٢٨). دەستەی حەوتەمیش لە بانگکردنی قورئان بە زمانی حاڵ و ئاستی وەرگرەوە دەردەکەوێت، وەک گۆڕینی ئاراستەی گوتار لە نێوان زانا و نەزان، بیرمەند و ئاساییدا: ﴿هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ (الزمر/٩) .

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12580]
- **Submission Date:** [13/7/2026], **Revised Date:** [13/7/2026], **Accepted Date:** [3/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

## ٢.٦ پێگە ئەلیکترۆنییەکان و بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی

پێگە ئەلیکترۆنییەکان، بە واتای ئەو سەکۆ دیجیتاڵییانەی ناوەڕۆکی دەنگی و ڤیدیۆیی و نووسراو بڵاودەکەنەوە، لە دوو دەیەی ڕابردوودا بوونەتە ناوەندی سەرەکیی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی گوتاری بانگەوازی؛ ئەم گۆڕانکارییە لە ئەدەبیاتی بوارەکەدا بە زاراوەی» "Da'wah Media" الإعلام الدعوي» (ڕاگەیاندنی بانگەوازی) دەناسرێت و ئەرکە ڕاگەیاندنییەکانی بانگەواز لە ڕوانگەی قورئانەوە بۆ دەگەڕێنرێتەوە (قالتي و هواري، ٢٠١٨، ل٢٩٥–٢٩٩). لە کوردستاندا، ئەم گۆڕانکارییە بەرچاو دەکەوێت لە فراوانبوونی بەرنامە و پۆدکاستی بانگەوازیی کوردی لەسەر یوتیوب و پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە درێژایی دەیەی ڕابردوو، کە بووەتە جێگرەوەیەکی گەورە بۆ مزگەوت و خولی وعزی نەریتی، لەگەڵ دەرفەتی گەیشتنێکی فراوانتر بۆ وەرگری گەنج و دیاسپۆرا. ئەم گۆڕانکارییە بەشێکە لە دیاردەیەکی جیهانیی فراوانتر: پێداچوونەوەیەکی سیستماتیکی دوایین بۆ (٧٣) توێژینەوەی هاوسەنگێنراو دەریدەخات کە دەسەڵاتی ئایینیی ئیسلامی لە سەردەمی دیجیتاڵدا لە ڕێگەی کارلێککردنی بەردەوامی نێوان دەق و سۆزی وەرگر و ئەلگۆریتمی پێگە دیجیتاڵییەکانەوە دەچەسپێت و دەگۆڕدرێت، شتێک کە بۆتە هۆی دەرکەوتنی ناسنامەی ئایینیی هایبرید و بنکە دیجیتاڵییە نوێیەکان (Wahid & Abdulloh, 2026).

لە بەستێنی کوردیدا، سێ بەرنامەکەی ئەم توێژینەوەیە نموونەی سێ ئاراستەی جیاوازی ئەم دیاردەیەن: بەرنامەی گفتوگۆیی فکری («دیالۆگ»)، پۆدکاستی کۆمەڵایەتیی گەنجان («نما»)، و بەرنامەی گێڕانەوەیی ڕۆحی («ئەزموونەکانی نزیکبوونەوە لە مردن»)؛ هەر سێکیان قورئان و دیالۆگە قورئانییەکان دەکەنە بەشێکی بنەڕەتیی گوتارەکانیان، بەڵام (وەک بەشی شیکاری دەریدەخات) هەریەکەیان بە شێوازی جیاوازەوە.

لە ڕووی قاڵبیشەوە، یوتیوب و پۆدکاست دوو قاڵبی سەرەکیی بەرنامەی بانگەوازیی دیجیتاڵن و هەریەکەیان لۆژیکی خۆی هەیە: یوتیوب، بە پشتبەستن بە ڤیدیۆی درێژ و ئەرشیفی گەڕان و سیستەمی پێشنیارکردن، بەرنامەی بانگەوازی لە کاتبەندیی تەلەفزیۆنی ڕزگار دەکات و دەیکاتە ناوەڕۆکێکی هەمیشە بەردەست؛ پۆدکاستیش، بە سروشتی گوێگرتنە درێژخایەنەکەی، دەرفەتی وردبوونەوە و قووڵبوونەوە لە بابەتە فکری و ڕۆحییەکاندا دەڕەخسێنێت کە لە قاڵبە خێراکانی سۆشیال میدیادا نایەتەدی. هەر سێ بەرنامەکەی ئەم توێژینەوەیە لەم دوو قاڵبەدا کار دەکەن، و هەڵبژاردنیان وای کردووە سامپڵەکە هەم قاڵبی ڤیدیۆیی فکری («دیالۆگ»)، هەم قاڵبی پۆدکاستی کۆمەڵایەتی («نما»)، و هەم قاڵبی گێڕانەوەی ڕۆحی («ئەزموونەکان») بگرێتەوە، واتە: سێ لۆژیکی جیاوازی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی بانگەوازیی دیجیتاڵ.

## بەشی سێیەم: شیکاریی پراکتیکی و ئەنجامەکان

### ٣.١ وێنەی گشتیی سامپڵەکە

شیکارییەکە بەسەر (٥٢) ئەڵقەی سێ بەرنامەکەدا جێبەجێ کرا و ئەنجامە گشتییەکانی دەریانخست کە قورئانی پیرۆز و دیالۆگە قورئانییەکان ئامادەییەکی چڕیان لە گوتاری بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردیدا هەیە: بە کۆی گشتی (٣٥٤٠) شێوازی دیالۆگی قورئانی، (١١٣٦) سەرچاوەی دیالۆگ، و (٢٠٦٣) ئەرکی دیالۆگ تۆمار کران. خشتەی (١) وێنە گشتییەکە پیشان دەدات:

**خشتەی (١): ئاماریی گشتیی سامپڵی توێژینەوەکە**

| بەرنامە | ژمارەی ئەڵقە | سەرچاوەکان | شێوازەکان | ئەرکی دیالۆگ |
|---|---|---|---|---|
| بەرنامەی دیالۆگ | ١٨ | ٣٧٥ | ١٠٧٩ | ٥٩٥ |
| ئەزموونەکانی نزیکبوونەوە لە مردن | ١٧ | ٢١٧ | ١٠٠٧ | ٥٨١ |
| پۆدکاستی نما | ١٧ | ٥٤٤ | ١٤٥٤ | ٨٨٧ |
| کۆی گشتی | ٥٢ | ١١٣٦ | ٣٥٤٠ | ٢٠٦٣ |

وەک لە خشتەکەدا دیارە، «پۆدکاستی نما» بەرزترین کۆی شێواز (١٤٥٤) و سەرچاوەی (٥٤٤) هەیە، لە کاتێکدا «دیالۆگ» و «ئەزموونەکان» لە ئاستێکی نزیک لە یەکدان (١٠٧٩ و ١٠٠٧ شێواز). ئەم ئامارانە بە ڕوونی نیشان دەدەن کە بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی، سەرەڕای جیاوازیی قاڵب و ئاراستەکانی، دەقی قورئانی کردووەتە بناغەی گوتارەکەی؛ ئەگەر تێکڕا وەربگیرێت (٣٥٤٠ ÷ ٥٢ و ١١٣٦ ÷ ٥٢)، لە هەر ئەڵقەیەکدا بە نزیکەیی (٦٨) شێوازی دیالۆگی قورئانی و (٢٢) سەرچاوەی دیالۆگ بەکارهاتوون، کە چڕییەکی بەرزی ئامادەیی دەقی قورئانییە لە گوتاری ئەلیکترۆنی بانگخوازیدا. بەڵام وێنە وردەکە (وەک لە بەشەکانی داهاتوودا دەردەکەوێت) لە دابەشبوونی دەستەکانی شێوازدا جیاوازییەکی قووڵ لە نێوان بەرنامەکاندا هەیە.

### ٣.٢ ئەنجامی شیکاریی هەر بەرنامەیەک بە جیا

بەرنامەی «دیالۆگ»: لەم بەرنامەیەدا (١٠٧٩) شێوازی دیالۆگی قورئانی دۆزرایەوە لە (٣٧٥) سەرچاوەی دیالۆگ. ناسنامەی فکریی بەرنامەکە «دیبەیتی عەقڵی»یە: سەردەستیی تەواوی دەستەی عەقڵی و بەڵگەهێنانەوە (٣٥.٤٠%) کە بە جیاوازییەکی

گەورە لە دەستەی دووەم (هونەری %١٩.٧٤) دوورە، دەیسەلمێنێت کە ئەم بەرنامەیە چوارچێوەیەکی فکریی بەڵگەهێنانەوەیی دیبەیتانە دەخاتەڕوو. لەناو دەستە عەقڵییەکەشدا، بەڵگەی بەراوردکاری بە (%٣٣.٧٠) پلەی یەکەمە، واتە بەرنامەکە بۆچوونەکان بە بەراوردکردن دەخاتە بەر تیشک. سەرچاوەی سەرەکیی دیالۆگەکانیشی مێژووە (%٢١.٠٧)، واتە بەڵگە و ڕووداوە مێژووییەکان دەکاتە کەرەسەی دیبەیتە فکرییەکانی. لە ڕووی هەڵوێستیشەوە، بەرنامەکە قاڵبی «فرە بۆچوونی» بەکاردەهێنێت، واتە بۆچوونی جیاواز ڕووبەڕووی یەکتر دەکاتەوە، و هەر ئەم سروشتە دیبەیتییەشە وا دەکات سەرزەنشتی توند تێیدا ئامادەییەکی بەرچاوی هەبێت (%١٧.٥١) بە پێچەوانەی دوو بەرنامەکەی تر.

بەرنامەی «ئەزموونەکانی نزیکبوونەوە لە مردن»: لەم بەرنامەیەدا (١٠٠٧) شێواز دۆزرایەوە لە (٢١٧) سەرچاوەی دیالۆگ، کەمترین ژمارەی سەرچاوە لە نێوان سێ بەرنامەکەدا، کە دەریدەخات بەرنامەکە لە بری فراوانیی سەرچاوە، قووڵیی گێڕانەوە لە سەرچاوەیەکی کەمتردا بەکاردەهێنێت. ناسنامەی فکریی بەرنامەکە «ڕۆحی عیرفانی»یە: سەردەستیی دەستەی بوونناسی و پرسیارە مەزنەکان (%١٨.٤٧) دەیسەلمێنێت کە بەرنامەکە چوارچێوەیەکی ڕۆحیی عیرفانیی پەیجۆرانە دەخاتەڕوو: مردن، دوارۆژ، واتای بوون و چارەنووسی مرۆڤ تەوەرە جێگیرەکانین. سەرچاوەی سەرەکییشی ئەزموونی کەسییە (%٣٣.٦٤)، بەرزترین ڕێژەی ئەم سەرچاوەیە لە هەر سێ بەرنامەکەدا، کە لەگەڵ سروشتی گێڕانەوەیی بەرنامەکەدا تەبایە. هەڵوێستی بنیادیشی «لایەنگریی تەواو»ە (%١٠٠)، واتە یەک ئاراستەی گوتاری بەبێ ڕووبەڕووکردنەوەی بۆچوونی جیاواز، و سەرزەنشتی توندیش تێیدا نزیکەی نەبوونە (%٠.٦٣).

پۆدکاستی «نما»: لەم پۆدکاستەدا (١٤٥٤) شێواز دۆزرایەوە لە (٥٤٤) سەرچاوەی دیالۆگ، بەرزترین کۆی شێواز و سەرچاوە لە نێوان هەر سێ بەرنامەکەدا، کە دەریدەخات پۆدکاستەکە دەوڵەمەندترین بەکارهێنەری دەقی قورئانییە لە سامپڵەکەدا. ناسنامەی فکریی بەرنامەکە «فێرکاریی ڕاوێژکاری»یە: سەردەستیی دەستەی فێرکاری و ڕێنماییکردن (%١٨.٦٤) دەیسەلمێنێت کە ئەم پۆدکاستە چوارچێوەیەکی فێرکاریی ڕاوێژکارانە دەخاتەڕوو، لەناو دەستە فێرکارییەکەشدا شێوازی ڕێنمایی و ئامۆژگاری بە ڕێژەی (%٥٩.٤١) بەرزترین ڕێژەی ئەم شێوازە لە سێ بەرنامەکەدا، زاڵە. وەک «ئەزموونەکان»، سەرچاوەی سەرەکیی ئەزموونی کەسییە (%٢٤.٠٨) و هەڵوێستی «لایەنگریی تەواو»ی هەیە، بەڵام بە ئاراستەیەکی فێرکاری ڕووەو گەنجان؛ هەروەها دەستەی گونجاو بەپێی وەرگر لێرەدا بەرزترین ئامادەیی خۆی تۆمار دەکات (%١٥.٧٥، پلەی سێیەم)، کە نیشانەی ئاگاداریی پۆدکاستەکەیە لە جۆراوجۆریی وەرگرە گەنجەکانی.

### ٣.٣ چۆنیەتیی بەکارهێنانی شێوازەکان

لە پاڵ ژمارەکاندا، شرۆڤەکە چەند تایبەتمەندییەکی هاوبەشی چۆنیەتیی بەکارهێنان دەردەخات. یەکەم، نەرمیی گوتار سەردەستی مامەڵەیە لە هەر سێ بەرنامەکەدا: شێوازە توندەکان (سەرزەنشتی توند، ترساندنی ڕاستەوخۆ) یان نەبوون یان لە پەراوێزدان، و تەنانەت لە بەرنامە دیبەیتییەکەشدا (دیالۆگ) سەرزەنشتی توند لە خزمەتی بەڵگەدایە نەک لە خزمەتی سووکایەتی پێکردندا، بەڵگەکەشی ئەوەیە کە شێوازی گاڵتەپێکردن لە هەر سێ بەرنامەکەدا سفرە. دووەم، بەپێی کۆدکردنی یارمەتیدەری ئاراستەی گوتار (بیرۆکە/کەسایەتی/ڕووداو) کە هاوکات لەگەڵ کۆدکردنی حەوت دەستەکە تۆمارکراوە، تەوەری بیرۆکە (بۆچوون) لە تەوەرە جێگیربووەکاندا لە هەر سێ بەرنامەکەدا پلەی یەکەمە («دیالۆگ» %٢٩.٩٤، «ئەزموونەکان» %٣٧.١٠، «نما» %٤٦.٣١؛ بڕوانە خشتەی (٢))، واتە ئەم بەرنامانە، سەرەڕای جیاوازیی قاڵبەکانیان، لە بنەڕەتدا بەرنامەی بیرۆکەن نەک بەرنامەی کەسایەتی یان ڕووداوی ڕووت. سێیەم، جیاوازییەکی ڕوون لە بونیادی هەڵوێستدا هەیە: «دیالۆگ» لەسەر قاڵبی چەند بۆچوون (ڕووبەڕووکردنەوەی ڕوانگە جیاوازەکان) بنیاد نراوە، لە کاتێکدا «ئەزموونەکان» و «نما» هەردووکیان لایەنگریی تەواویان هەیە (%١٠٠)واتە: گوتاری تاك دەنگی. ئەم جیاوازییە بونیادییە ڕاستەوخۆ لە پێکهاتەی شێوازەکاندا ڕەنگی داوەتەوە: بەرنامەی فرەدەنگ پێویستی بە بەڵگە و دیبەیتە (بۆیە شێوازی عەقڵی زاڵە)، و بەرنامەی تاکدەنگ پێویستی بە گێڕانەوە و ڕێنماییە (بۆیە بوونناسی و فێرکاری زاڵن). چوارەم، سەرچاوەی دیالۆگەکانیش دوو ئاراستەی جیاواز پیشان دەدەن: «دیالۆگ» پشت بە مێژوو دەبەستێت (بەڵگەی بابەتیی دەرەکی)، بەڵام «ئەزموونەکان» و «نما» پشت بە ئەزموونی کەسی دەبەستن (بەڵگەی زاتیی ناوەکی)، دوو ستراتیژی قایلکردنی تەواو جیاواز کە هەردووکیان ڕەگیان لە شێوازە قورئانییەکاندا هەیە.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12580]
- **Submission Date:** [13/7/2026], **Revised Date:** [13/7/2026], **Accepted Date:** [3/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

**خشتەی (٢): دابەشبوونی تەوەرەکانی ئاراستەی گوتار (بیرۆکە، کەسایەتی، ڕووداو، لایەن) بەسەر سێ بەرنامەکاندا**

| تەوەر | دیالۆگ | % | پلە | ئەزموونەکان | % | پلە | نما | % | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕووداو | ٣٨ | ٢١.٤٧ | ٤ | ٧٩ | ٣٥.٧٥ | ٢ | ١٠٢ | ٢٠.٣٦ | ٣ |
| کەسایەتی | ٤١ | ٢٣.١٦ | ٣ | ٥٩ | ٢٦.٧٠ | ٣ | ١١٥ | ٢٢.٩٥ | ٢ |
| بیرۆکە (بۆچوون) | ٥٣ | ٢٩.٩٤ | ١ | ٨٢ | ٣٧.١٠ | ١ | ٢٣٢ | ٤٦.٣١ | ١ |
| لایەن (گرووپ) | ٤٥ | ٢٥.٤٢ | ٢ | ١ | ٠.٤٥ | ٤ | ٥٢ | ١٠.٣٨ | ٤ |
| کۆی گشتی | ١٧٧ | ١٠٠ | — | ٢٢١ | ١٠٠ | — | ٥٠١ | ١٠٠ | — |

**٣.٤ بەراوردکاریی نێوان سێ بەرنامەکە: دابەشبوونی حەوت دەستەکە**

ناوکی سەرەکیی توێژینەوەکە بەراوردکردنی دابەشبوونی حەوت دەستەکەی شێوازی دیالۆگەکانە لە نێوان سێ بەرنامەکەدا. خشتەی (٣) چەندبارەیی و ڕێژە و پلەبەندیی هەر دەستەیەک لە هەر بەرنامەیەکدا پیشان دەدات:

**خشتەی (٣): دابەشبوونی حەوت دەستەکەی شێوازی دیالۆگی قورئانی بەسەر سێ بەرنامەکەدا**

| دەستەی سەرەکی | دیالۆگ | % | پلە | ئەزموونەکان | % | پلە | نما | % | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| عەقڵی و بەڵگەهێنانەوە | ٣٨٢ | ٣٥.٤٠ | ١ | ١٢١ | ١٢.٠٢ | ٦ | ٢٥٥ | ١٧.٥٤ | ٢ |
| دەروونی و سۆزداری | ١٨٦ | ١٧.٢٤ | ٣ | ١٥٧ | ١٥.٥٩ | ٣ | ١٧٣ | ١١.٩٠ | ٥ |
| فێرکاری و ڕێنماییکردن | ١٧٨ | ١٦.٥٠ | ٤ | ١٤٢ | ١٤.١٠ | ٤ | ٢٧١ | ١٨.٦٤ | ١ |
| هونەری و وێناکردن | ٢١٣ | ١٩.٧٤ | ٢ | ١٦١ | ١٥.٩٩ | ٢ | ٢١٧ | ١٤.٩٢ | ٤ |
| بوونناسی و پرسیارە مەزنەکان | ١٢ | ١.١١ | ٧ | ١٨٦ | ١٨.٤٧ | ١ | ١٤٢ | ٩.٧٧ | ٧ |
| ڕۆحی و عیرفانی | ٣٩ | ٣.٦١ | ٦ | ١٣١ | ١٣.٠١ | ٥ | ١٦٧ | ١١.٤٩ | ٦ |
| گونجاو بەپێی وەرگر | ٦٩ | ٦.٣٩ | ٥ | ١٠٩ | ١٠.٨٢ | ٧ | ٢٢٩ | ١٥.٧٥ | ٣ |
| کۆی گشتی | ١٠٧٩ | ١٠٠ | — | ١٠٠٧ | ١٠٠ | — | ١٤٥٤ | ١٠٠ | — |

خوێندنەوەی ئەم خشتەیە چەند ڕاستییەکی بنەڕەتی دەردەخات.
یەکەم، هەر حەوت دەستەکە لە هەر سێ بەرنامەکەدا ئامادەن، بەڵام بە ڕێژەی زۆر جیاواز. دووەم، هەر بەرنامەیەک دەستەیەکی سەردەستی تایبەت بە خۆی هەیە: عەقڵی و بەڵگەهێنانەوە لە «دیالۆگ»دا (٣٥.٤٠%، پلەی یەکەم)، بوونناسی و پرسیارە مەزنەکان لە «ئەزموونەکان»دا (١٨.٤٧%، پلەی یەکەم)، و فێرکاری و ڕێنماییکردن لە «نما»دا (١٨.٦٤%، پلەی یەکەم). سێیەم، هەندێ دەستە لە بەرنامەیەکدا لە لوتکەدان و لە بەرنامەیەکی تردا لە بنکەدان: دەستەی بوونناسی لە «ئەزموونەکان»دا یەکەمە بەڵام لە «دیالۆگ»دا حەوتەمە و تەنیا (١.١١%)ی هێناوە کە ئەمە بەرچاوترین جەمسەرگیریی نێوان بەرنامەکانە. چوارەم، هەندێ دەستەش هاوسەنگیی نزیکیان هەیە: دەستەی هونەری لە هەر سێ بەرنامەکەدا لە پلەی دووەم و چوارەمدا دەسوڕێتەوە: (١٩.٧٤%، ١٥.٩٩%، ١٤.٩٢%)، کە دەریدەخات وێناکردن و چیرۆک کەرەسەیەکی گشتیی بانگەوازی ئەلیکترۆنین. ئەم چوار ڕاستییە پێکەوە بەڵگەی ئەوەن کە ئاراستەی گوتاریی هەر بەرنامەیەک بە شێوەیەکی بنەڕەتی دیاریکەری پێکهاتەی شێوازەکانیەتی.

تێبینییەکی تریش شایانی ئاماژەیە: لە بەرامبەر دەستە جەمسەرگیرییەکاندا، دەستەی دەروونی و سۆزداری سەقامگیرترین دەستەیە لە نێوان سێ بەرنامەکەدا (١٧.٢٤%، ١٥.٥٩% ١١.٩٠% پلەکانی ٣، ٣، ٥)؛ ئەم سەقامگیرییە دەریدەخات کە هاندان و ترغیب و بەزەیی، کەرەسەیەکی بنەڕەتی و هاوبەشی هەموو گوتارێکی بانگەوازین، جا قاڵبەکەی فکریی یان ڕۆحی یان فێرکاری بێت، چونکە قایلکردن، لە هەر ئاراستەیەکدا بێت، بەبێ بزواندنی سۆز جێبەجێ نابێت.

### سێ ناسنامەی فکریی بەرنامەکان ٣.٥

کۆکردنەوەی ئەنجامەکان سێ ناسنامەی فکریی تەواو جیاواز دەردەخات لە چوارچێوەی بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردیدا، دۆزینەوەیەک کە لە توێژینەوەکانی پێشتردا چاوەڕوان نەکراوە. خشتەی (٤) پوختەی ئەم سێ ناسنامەیە دەخاتەڕوو:

**خشتەی (٤): سێ ناسنامە فکرییەکەی بەرنامەکانی بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی**

| بەرنامە | ناسنامەی فکریی بنیادی | دەستەی پلە یەکەم | سەرچاوەی پلە یەکەم | هەڵوێستی بنیادی |
|---|---|---|---|---|
| دیالۆگ | دیبەیتی عەقڵی | عەقڵی (%٣٥.٤٠) | مێژوو (%٢١.٠٧) | فرە بۆچوون |
| ئەزموونەکان | ڕۆحی عیرفانی | بوونناسی (%١٨.٤٧) | ئەزموونی کەسی (%٣٣.٦٤) | لایەنگریی تەواو |
| نما | فێرکاریی ڕاوێژکاری | فێرکاری (%١٨.٦٤) | ئەزموونی کەسی (%٢٤.٠٨) | لایەنگریی تەواو |

ئەم سێ ناسنامە جیاوازە دەریدەخەن کە بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردیی سەردەم لە دەروازەیەکی تاکتاکەوە کار ناکات: سەرەڕای ئەوەی هەر سێ بەرنامەکە لەسەر چوارچێوەیەکی ئاینیی هاوبەش،(بەکارهێنانی قورئان و سوننە و دیالۆگی قورئانی) جێگیر بوون هەریەکەیان بە دەروازەیەکی جیاوازەوە (عەقڵ، ڕۆح، فێرکاری) بەرەو هەمان ئامانج دەڕوات. ئەم بەراوردکارییە یەکێکە لە بەشدارییە ئاکادیمییە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە، و بە بەڵگەی ژمارەیی پشتگیری دەکرێت.

### ٣.٦ حەوت یاسا یەکگرتووەکانی بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی

پاش پشکنین و وردبوونەوە لەهەرسێ بەرنامەی ناوبراو، ئەم توێژینەوەیە گەیشتە دۆزینەوەی حەوت یاسای یەکگرتوو لە هەر سێ بەرنامەکەدا؛ ئەم یاسایانە، لە پشت جیاوازییە قووڵەکانی سەرەوە، بنەما هاوبەشەکانی بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی دەردەخەن:

١. یاسای بەڵگەی بەراوردکاری: بەڵگەهێنانەوەی بەراوردکاری لە دەستەی عەقڵیدا لە هەر سێ بەرنامەکەدا پلەی یەکەمی هەیە و ڕێژەکانیشیان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە یەک نزیکن: «دیالۆگ» ٣٣.٧٠%، «ئەزموونەکان» ٣٣.٨٨%، و «نما» ٣٢.٩٤% واتە بەڵگەهێنانەوەی بەراوردکاری یاسایەکی فکریی هاوبەشی بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردییە.

٢. یاسای ڕێنمایی و ئامۆژگاری: لە دەستەی فێرکاریدا، شێوازی ڕێنمایی و ئامۆژگاری لە هەر سێ بەرنامەکەدا پلەی یەکەمە


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12580]
- **Submission Date:** [13/7/2026], **Revised Date:** [13/7/2026], **Accepted Date:** [3/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

«دیالۆگ» ٥٢.٣٥%، «ئەزموونەکان» ٤٦.٤٨%، و «نما» ٥٩.٤١% واتە قاڵبی ئامۆژگاریکردن ستوونی فێرکاریی بانگەوازی ئەلیکترۆنییە.

٣. یاسای نەبوونی شێوازی پلارگرتن: شێوازی گاڵتەپێکردن (السخرية) لە دەستەی هونەریدا لە هەر سێ بەرنامەکەدا سفرە (٠%)؛ ئەم نەبوونە دەکرێت بەهۆی سروشتی ئاینیی ئاکادیمیی بانگەوازەکە یان بەهۆی کلتووری ڕێزگرتنی کوردییەوە بێت.

٤. یاسای تەوەری بیرۆکە: تەوەری بیرۆکە (بۆچوون) لە تەوەرە جێگیربووەکاندا لە هەر سێ بەرنامەکەدا پلەی یەکەمی هەیە: «دیالۆگ» ٢٩.٩٤%، «ئەزموونەکان» ٣٧.١٠%، و «نما» ٤٦.٣١% (خشتەی ٢) کە دەریدەخات ئەم بەرنامانە سروشتێکی فکرییان هەیە، نەک تەنیا چیرۆکی یان تەوەرکەسایەتی.

٥. یاسای چێژوەرگرتنی ڕۆحی: (التذوق الروحي) شێوازی سەردەستی دەستەی ڕۆحییە لە هەر سێ بەرنامەکەدا: «دیالۆگ» ٨٠، «ئەزموونەکان» ٤١.٩٨%، و «نما» ٤٣.١١%.

٦. یاسای نزیکیی نەبوونی سەرزەنشتی توند: سەرزەنشتی توند لە «ئەزموونەکان»دا ٠.٦٣% و لە «نما»دا ٠%ـە و تەنیا لە «دیالۆگ»دا بەرچاوە (١٧.٥١%) بەهۆی سروشتی دیبەیتیی بەرنامەکەوەیە کە دەکرێت هاوشێوەشی زۆرتربێت تەنانەت لەم ڕێژەیەش، بەڵام بەگشتی بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی سەرنجی سەرەکیی لەسەر شێوازی نەرم و بەزەییئامێزە.

٧. یاسای نەبوونی شێوازەکانی دیالۆگ لەگەڵ گەردوون: شێوازەکانی دیالۆگ لەگەڵ گەردوون (فەرمانکردن بە سروشت، گفتوگۆی نێوان گیانداران) لە هەر سێ بەرنامەکەدا سفر یان زۆر کەمن (تەنیا ١ چەندبارە لە «ئەزموونەکان» و «نما»، و ٠ لە «دیالۆگ»دا)، کە دەریدەخات ئەم شێوازە قورئانییە لە بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردیی سەردەمدا بەکار نایەت و دەکرێت لە توێژینەوەی داهاتوودا هۆکارەکانی بکۆڵرێنەوە.

ئەم حەوت یاسایە پێکەوە وێنەیەکی گشتی لە کەسایەتیی گوتاریی بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی دەکێشن: گوتارێکی بەڵگەخواز (یاسای ١)، ئامۆژگار (یاسای ٢)، بەڕێز (یاسای ٣)، بیرۆکەتەوەر (یاسای ٤)، ڕۆحپەروەر (یاسای ٥)، و نەرم (یاسای ٦)، بەڵام هێشتا لە هەندێ شێوازی قورئانیدا، وەک دیالۆگ لەگەڵ گەردوون (یاسای ٧) نەگەیشتووەتە تەواوی دەوڵەمەندیی سەرچاوەکەی. لەبەر ئەوەی ئەم یاسایانە لە سێ بەرنامەی جیاوازی قاڵب و ئاراستەدا بە هەمان شێوە دەرکەوتوون، دەکرێت لە توێژینەوەی داهاتوودا لەسەر بەرنامە و سەکۆی تر تاقی بکرێنەوە، بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا یاسای گشتیی بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردین یان تایبەتمەندیی ئەم سێ بەرنامەیەن.

**٣.٧ گفتوگۆی ئەنجامەکان**

لە ڕووناکایی چوارچێوە تیۆرییەکەدا ئەنجامەکان، کاتێک دەگەڕێنرێنەوە سەر چوارچێوە تیۆرییەکە، پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان بونیادی دیالۆگیی دەقی قورئانی و پراکتیکی بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردیدا دەردەخەن. سەردەستیی یاسای بەڵگەی بەراوردکاری و یاسای ڕێنمایی و ئامۆژگاری لە هەر سێ بەرنامەکەدا، وەرگێڕانێکی کردارییە بۆ دوو باڵەکەی ئایەتی بنەڕەتیی ﴿ادْعُ إِلى سَبيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجادِلْهُم بِالَّتي هِيَ أَحْسَنُ﴾ (النحل/١٢٥): مەوعیزەی حەسەنە لە قاڵبی ئامۆژگاریدا و جیدال بە باشترین شێوە لە قاڵبی بەڵگەی بەراوردکاریدا. هەروەها ئامادەیی چڕی دیالۆگ لە گوتاری بانگەوازیدا (تێکڕای ٦٨ شێواز لە ئەڵقەیەکدا (ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییە قورئانییەیە کە جەدەل بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ ﴿وَكانَ الْإِنْسانُ أَكْثَرَ شَيْءٍ جَدَلًا﴾ (الكهف/٥٤)؛ بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی، بە هۆشیاری بێ یان بێ هۆشیاری، لەسەر هەمان بنیادی گێڕانەوەیی دیالۆگی وەستاوە کە دووبارەبوونەوەی (١٧١٧) جارەی فرمانی (قال) لە قورئاندا نیشانەیەتی. لە لایەکی ترەوە نەبوونی شێوازی گاڵتەپێکردن و نزیکیی نەبوونی سەرزەنشتی توند لە هەر سێ بەرنامەکەدا، پابەندبوونێکی کرداری دەردەخات بە ئادابە قورئانییەکانی دیالۆگەوە کە لە چوارچێوە تیۆرییەکەدا خرانەڕوو، بەتایبەت بنەمای نەرمیی گوتار ﴿فَقولا لَهُ قَوْلًا لَيِّنًا﴾ (طه/٤٤). بەڵام لە بەرامبەردا، نەبوونی شێوازەکانی دیالۆگ لەگەڵ گەردوون و لاوازیی هەندێ دەستە لە هەندێ بەرنامەدا (وەک بوونناسی لە «دیالۆگ»دا) دەریدەخات کە بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی هێشتا لە تەواوی دەوڵەمەندیی شێوازناسیی دیالۆگی قورئانی سوودی وەرنەگرتووە؛ کەلێنێک کە دەکرێت ببێتە ڕووگەی گەشەپێدانی داهاتووی گوتارە بانگەوازییەکە.

**بەشی چوارەم: دەرئەنجام و پێشنیارەکان**

**٤.١ دەرئەنجامە سەرەکییەکان**

ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتاکانەوە، وەڵامی هەرسێ پرسیارە سەرەکییەکەی داوەتەوە:

1. وەڵامی پرسی یەکەم (کام شێوازانە ڕەنگیان داوەتەوە): هەر حەوت دەستەکەی شێوازەکانی دیالۆگی قورئانی پیرۆز بە ڕێژەی جیاواز لە هەر سێ بەرنامەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە. ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە دەقی قورئانی وەک بناغەیەکی هاوبەش لە گوتاری بانگەوازیی ئەلیکترۆنیی کوردیدا ئامادەیی هەیە، بەبێ ئەوەی هیچ بەرنامەیەک گوتارەکەی تەنها لە یەک شێوازدا قەتیس کردبێت.

2. وەڵامی پرسی دووەم (لە چ ئاستێکدا): ئاستی ڕەنگدانەوەی شێوازەکان بەرز و بەردەوامە، بەڵام لە هەمان کاتدا جیاوازییەکی بەرچاو لە ڕێژە و پلەبەندیی دەستەکاندا لە نێوان بەرنامەکاندا بەدی دەکرێت (وەک لە بەشەکانی ٣.٢ و ٣.٤دا ڕوون کراوەتەوە)، و ئەم دابەشبوونە دەری دەخات کە هەر بەرنامەیەک خاوەنی ئاراستەیەکی

فکریی تایبەتە، وەک: دیبەیتی عەقڵی بۆ (بەرنامەی دیالۆگ)، گوتاری ڕۆحیی عیرفانی بۆ (بەرنامەی ئەزموونەکان)، و فێرکاریی ڕاوێژکاری بۆ (نماپۆدکاست).

3.وەڵامی پرسی سێیەم (بە چ شێوەیەک بەکارهێنراون): جۆری بەکارهێنانی شێوازەکان ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە ئاراستەی گوتاریی هەر بەرنامەیەکەوە، لە پشت ئەم جیاوازییانەوە، توێژینەوەکە گەیشتووەتە حەوت یاسای یەکگرتوو کە بنەما هاوبەشەکانی بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی پێکدەهێنن، لە سەرووی هەموویشیانەوە: یاسای بەڵگەی بەراوردکاری، یاسای ڕێنمایی و ئامۆژگاری، و یاسای نەرمیی گوتار.

بەشداریی ئەکادیمیی توێژینەوەکەش لە سێ خاڵدا چڕ دەبێتەوە: دەرخستنی سێ ناسنامەی فکریی جیاوازی بەرنامەکان بە پاڵپشتیی داتای ژمارەیی؛ دۆزینەوەی حەوت یاسا یەکگرتووەکە وەک بەشدارییەکی تیۆریی نوێ کە دەکرێت لە توێژینەوەکانی داهاتوودا تاقی بکرێنەوە؛ و دابینکردنی ئامرازێکی پێوانەکردن (فۆرمی ٧ دەستە / ٤٠ شێوازی دیالۆگ) کە تاقیکردنەوەی ڕاستی و جێگیریی بۆ کراوە و دەکرێت لەلایەن توێژەرانی دیکەی ئەم بوارەوە سوودی لێ ببینرێت.

### ٤.٢ ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان

لە ڕووناکایی ئەنجامەکاندا، توێژینەوەکە ئەم پێشنیارانە دەخاتەڕوو:

١. بۆ لایەنە ئاکادیمییەکان: زیادکردنی بابەتی میدیای ئاینی و بانگەوازی ئەلیکترۆنی لە پرۆگرامی بەشەکانی ڕاگەیاندندا، چونکە ئەنجامەکان دەریانخست ئەم بوارە بووەتە یەکێک لە چالاکترین گۆڕەپانەکانی گوتاری کوردی و پێویستی بە کادری پسپۆڕە.

٢. پاڵپشتیکردنی توێژەرانی بواری بانگەواز: هاندان و پاڵپشتیی ماددی و ئاکادیمیی ئەو توێژەرانەی لە خانەی پەیوەندیی ئاین و ڕاگەیاندندا کار دەکەن، بۆ فراوانکردنی ئەم کەلێنە توێژینەوەییە.

٣. پاڵپشتیی بەرنامەکانی بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی: دەوڵەمەندکردنی گوتارەکانیان بەو دەستانەی شێوازی دیالۆگ کە لە بەرنامەکەیاندا لاوازن (بۆ نموونە بەهێزکردنی ڕەهەندی بووناسی (لە بەرنامە فکرییەکاندا و ڕەهەندی عەقڵی لە بەرنامە ڕۆحییەکاندا و هەڵسانەوەی شێوازە دیالۆگە قورئانییە پشتگوێخراوەکان وەک شێوازەکانی دیالۆگ لەگەڵ گەردوون.

٤. بەراوردکاریی فرەیی جیهانی: ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاری لە نێوان بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسیدا بە هەمان ئامراز، بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندیی کوردی لە دیاردەکەدا. ٥. بەکارهێنانەوەی ئامرازە پێشکەشکراوەکە: فۆرمە شیکارییەکە و یاساکانی کۆدکردن (Codebook) بە ڕاستی و جێگیریی سەلمێنراوەوە ئامادەن بۆ بەکارهێنانەوە لەسەر بەرنامە و سەکۆی تر (تیکتۆک، ئینستاگرام، فەیسبووک) (Reception) و بۆ توێژینەوەی وەرگرتن (Analysis) کە کاریگەریی ئەم شێوازانە لەسەر بینەران بپێوێت.

### ٤.٣ سنوورەکانی گشتاندنی ئەنجامەکان

لە کۆتاییدا پێویستە سنوورەکانی گشتاندن بە ڕوونی دابنرێن: ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستن بە سێ بەرنامەکەی سامپڵەکە و ماوە کاتییەکەی (٢٠٢٠–٢٠٢٥)، و گواستنەوەیان بۆ سەرجەم بانگەوازی ئەلیکترۆنیی کوردی پێویستی بە توێژینەوەی فراوانترە. هەروەها شیکارییەکە لە سەرەتادا لەسەر کۆدکارێکی تاک (توێژەر خۆی) بنیاد نرابوو، و ئەم سنوورە بە پێوەری دووبارەکردنەوەی کاتی و بە کۆدکردنی سەربەخۆی دوو کۆدکەری هاوپسپۆڕ چارەسەر کرا (بەشی ١.٩)؛ لەگەڵ ئەوەشدا، بەکارهێنانی تیمێکی فراوانتری فرەکۆدکار لە توێژینەوەی داهاتوودا جێگیرییەکە بەهێزتر دەکات. دواجار، شیکاریی ناوەڕۆک (بە سروشتی خۆی) تەنیا لایەنی دەرکەوتووی گوتار دەپێوێت؛ کاریگەریی ڕاستەقینەی ئەم شێوازانە لەسەر وەرگران، پرسیارێکی کراوەیە کە تەنیا توێژینەوەی وەرگرتن دەتوانێت وەڵامی بداتەوە. بەم شێوەیە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی سیستەماتیکە بۆ بردنە پێشەوەی خوێندنی پەیوەندیی نێوان دەقی قورئانی پیرۆز و میدیای دیجیتاڵی کوردی: لە یەک لایەنەوە دەیسەلمێنێت کە شێوازەکانی دیالۆگی قورئانی نەک هەر زیندوون، بەڵکو ستوونی گوتاری بانگەوازیی ئەلیکترۆنیی کوردین؛ و لە لایەنێکی ترەوە دەریدەخات کە ئەم زیندوێتییە یەکڕەنگ نییە، سێ ناسنامەی فکریی جیاواز و حەوت یاسای هاوبەش پێکەوە وێنەیەکی دەوڵەمەند و فرەڕەهەند دەکێشن کە دەروازەیەکی نوێ دەکاتەوە بۆ توێژینەوەی داهاتووی بواری ڕاگەیاندنی ئاینی لە کوردستاندا.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12580]
- **Submission Date:** [13/7/2026], **Revised Date:** [13/7/2026], **Accepted Date:** [3/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

## ليستى سەرچاوەكان

یەكەم: قورئانی پیرۆز.

**دووەم: توێژینەوە گۆڤارییەكان:**


پیروز، غلامرضا، «تحلیل چندصدایی در قرآن کریم بر اساس نظریهٔ منطق مکالمهٔ میخاییل باختین»، ادبیات دینی، شمارهٔ ۱، ۱۳۹۱ش، ص ٤٥–٥٦.

جواهری، آلاء، «حوار در قرآن و عهدین»، سفیر، سال ٤، شمارهٔ ١٤، ١٣٨٩ش، ص ٢٣–٣٦.

الجيوسي، عبد الله، «أسلوب الحوار في القرآن الكريم: خصائصه الإعجازية وأسراره النفسية»، المجلة الأردنية في الدراسات الإسلامية، جامعة آل البيت، المفرق، مج١، ع٢، ٢٠٠٦م.

قالتي، البشير؛ هواري، سميرة، «الوظيفة الدعوية الإعلامية للاتصال في ضوء القرآن الكريم»، مجلة المعيار، جامعة الأمير عبد القادر للعلوم الإسلامية، قسنطينة، مج٢٢، ع٤٤، ٢٠١٨، ص ٢٩٤–٣٠٣.

قهرمانی، علی؛ حسینی، صدیقه؛ شیدایی، آرزو، «قاعده‌افزایی تکرار فعل (قال) در راستای تبدیل آن به الگوی گفت‌وگو در قرآن»، پژوهش‌های قرآنی، سال ٢٢، شمارهٔ ٢ (پیاپی ٨٣) تابستان ١٣٩٦ش، ص ٩٠–١١٣.

Anderson, Betsy D., Rebecca Swenson, and Nathan D. Gilkerson, 2016, "Understanding Dialogue and Engagement Through Communication Experts’ Use of Interactive Writing," International Journal of Communication, Vol. 10, University of Southern California, United States, Los Angeles, pp. 4095–4116.

Baumgartner, Antonia, Silke Fürst, and Philomen Schönhagen, 2021, "Conceptualizing the Dialogical Structure of Mass Communication," Discourse, Context & Media, Vol. 44, Elsevier, Netherlands, Amsterdam, Article 100546.

Habermas, Jürgen, 1970, "Towards a Theory of Communicative Competence," Inquiry: An Interdisciplinary Journal of Philosophy, 13(1–4), Taylor & Francis, United Kingdom, London, pp. 360–375.

Kent, Michael L., and Maureen Taylor, 1998, "Building Dialogic Relationships Through the World Wide Web," Public Relations Review, 24(3), Elsevier, Netherlands, Amsterdam, pp. 321–334.

Kent, Michael L., and Maureen Taylor, 2002, "Toward a Dialogic Theory of Public Relations," Public Relations Review, 28(1), Elsevier, Netherlands, Amsterdam, pp. 21–37.

Kent, Michael L., and Maureen Taylor, 2021, "Fostering Dialogic Engagement: Toward an Architecture of Social Media for Social Change," Social Media + Society, 7(1), Sage Publications, United Kingdom, London, Article 2056305120984462.

Taylor, Maureen, Michael L. Kent, and William J. White, 2001, "How Activist Organizations Are Using the Internet to Build Relationships," Public Relations Review, 27(3), Elsevier, Netherlands, Amsterdam, pp. 263–284.

Wahid, Soleh Hasan, and Syahid Abdulloh, 2026, “Digital Islamic Authority: A Revolutionary Shift or Mere Hype? A Systematic Review,” SN Social Sciences, 6(2), Springer Nature, Germany, Berlin, article 62.

Berelson, Bernard, 1952, Content Analysis in Communication Research, The Free Press, United States, Glencoe.

Habermas, Jürgen, 1984, The Theory of Communicative Action, Vol. 1: Reason and the Rationalization of Society, Beacon Press, United States, Boston.

Habermas, Jürgen, 1989, The Structural Transformation of the Public Sphere, MIT Press, United States, Cambridge.

Holsti, Ole R., 1969, Content Analysis for the Social Sciences and Humanities, Addison-Wesley, United States, Reading.

Krippendorff, Klaus, 2018, Content Analysis: An Introduction to Its Methodology, 4th edition, Sage Publications, United States, Los Angeles.

Liddell, Henry George & Robert Scott, A Greek-English Lexicon, 9th ed. with revised supplement, Oxford: Clarendon Press, 1996.

McQuail, Denis, 2010, Mass Communication Theory, 6th edition, Sage Publications, United Kingdom, London.

Riffe, Daniel, Stephen Lacy, and Frederick Fico, 2014, Analyzing Media Messages: Using Quantitative Content Analysis in Research, 3rd edition, Routledge, United States, New York.


**سێیەم: نامەکانی ماستەر و دکتورا:**


الشهري، عبد الله بن علي، «أساليب الدعوة إلى الله تعالى في مواقع التواصل الاجتماعي»، رسالة ماجستير، المعهد العالي للدعوة والاحتساب، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، الرياض، ٢٠١٥.

الكناني، محسن جلوب جبر سميع، فن الحوار في برامج القنوات الفضائية العربية: دراسة تحليل مضمون البرامج الحوارية الحية في قناة الجزيرة الفضائية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الإعلام، جامعة بغداد، بإشراف د. عبد الرزاق النعاس، ١٤٢٦هـ/٢٠٠٥م.


**چوارەم: کتێبەکان:**


ابن منظور، محمد بن مكرم، لسان العرب، الطبعة الثالثة، بيروت: دار صادر، ١٤١٤هـ.

الزمخشري، محمود بن عمر، الكشاف عن حقائق غوامض التنزيل، الطبعة الثالثة، بيروت: دار الكتاب العربي، ١٤٠٧هـ.

زمزمي، يحيى بن محمد، الحوار: آدابه وضوابطه في ضوء الكتاب والسنة، الطبعة الثانية، عمان: دار المعالي، ١٤٢٢هـ/٢٠٠١م.

القەتتان، مەنناع، مباحث في علوم القرآن بە کوردی، وەرگێرانی: مەلا مەحموودی گەڵاڵەیی، چاپی یەکەم، سلێمانی: کتێبخانەی ئارام، ٢٠١٥.



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12580]
- **Submission Date:** [13/7/2026], **Revised Date:** [13/7/2026], **Accepted Date:** [3/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

**Abstract**

This study, titled “Qur’anic Dialogue Styles in Kurdish Electronic Da’wah Platforms,” addresses as its main problem the following question: what are the dialogue styles of the Holy Qur’an, and at what level and in what manner are they reflected in Kurdish electronic da’wah platforms? Its main objective is to identify the dialogue styles that Kurdish electronic da’wah programs have adopted from the Holy Qur’an, and to determine the level and manner of their use. The study is descriptive in nature and employs the content analysis method. The research population consists of (194) episodes of three Kurdish electronic da’wah programs: “Dialogue,” “Nama Podcast,” and “Near-Death Experiences”; the sample comprises (52) episodes selected through probability sampling. The research instrument is a content analysis form developed specifically for this study, based on a seven-category classification of Qur’anic dialogue styles comprising forty distinct styles; the validity of the instrument was established through the review of seven experts, and its reliability was confirmed using Holsti’s formula (C.R = 0.86). Among the study’s most important results is that Qur’anic dialogue styles are densely reflected in the discourse of all three programs, though each program is marked by a distinct level and manner that gives it an independent intellectual identity. In light of the results, the study recommends introducing religious media and electronic da’wah courses into journalism curricula, and suggests reusing the same instrument in future research on other programs and platforms.

**Keywords:** Media dialogue, Qur’anic dialogue, dialogue stylistics, electronic da’wah, content analysis, Kurdish da’wah platforms.

**ملخص البحث**

يتناول هذا البحث الموسوم بـ «أساليب الحوار القرآني في المنصات الدعوية الإلكترونية الكردية»، ومن أبرز مشكلاته السؤال الآتي: ما أساليب الحوار في القرآن الكريم، وبأي مستوى وكيفية انعكست في المنصات الدعوية الإلكترونية الكردية؟ ومن أبرز أهدافه استقصاء الأساليب الحوارية المستمدة من النص القرآني والموظفة في الخطاب الدعوي الإلكتروني الكردي، مع تحديد مستويات وكيفيات استخدامها. والبحث من البحوث الوصفية، وقد اعتمد منهج تحليل المضمون. يتكون مجتمع البحث من: (194) حلقة لثلاثة برامج دعوية إلكترونية كردية هي (ديالۆگ/ حوار)، (پۆدکاستی نما/ بودكاست نما)، و(ئەزموونەکانی نزیکبوونەوە لە مردن/ تجارب الاقتراب من الموت)؛ أما عينة البحث فبلغت (52) حلقة اختيرت بأسلوب العينة الاحتمالية. وتمثلت أداة البحث في استمارة تحليل مضمون خاصة بهذه الدراسة، مبنية على تصنيف سباعي لأساليب الحوار في القرآن الكريم يتفرع منها أربعون أسلوباً حوارياً، وقد جرى التحقق من صدق الأداة بعرضها على سبعة خبراء، ومن ثباتها باستخدام معادلة هولستي (C.R = 0.86). ومن أبرز نتائج البحث أن أساليب الحوار القرآني انعكست بكثافة في خطاب البرامج الثلاثة جميعها، غير أن كل برنامج تميز بمستوى وأسلوب مختلف شكّل له هوية فكرية مستقلة. وفي ضوء النتائج يوصي البحث بإدراج مادة الإعلام الديني والدعوة الإلكترونية في مناهج أقسام الإعلام، ويقترح إعادة استخدام الأداة نفسها في دراسات لاحقة على برامج ومنصات أخرى.

**الكلمات المفتاحية:** الحوار الإعلامي، الحوار القرآني، أسلوبية الحوار، الدعوة الرقمية، تحليل المضمون، المنصات الدعوية الكردية.